ئەنتوان چێخەف

# ژووری ژمارە شەش

شانۆنامە

وەرگێڕان و بە شانۆیی کردنی

دلاوەر قەرەداغی

چاپی یەکەم

2007

## کارەکتەرەکان

* دکتۆر ئەندریە یەفیمیتش
* ئیڤان دیمتری گرۆمۆف
* میخایل ئاوریانیچ
* داریوشکا
* دکتۆر خابۆتۆف
* نیکیتا
* مۆسیکا
* ڤانیا
* تریۆف
* سێرگی سێرگەڤیچ
* سەرۆکی ئەنجومەنی شار
* یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجومەنی شار
* بەڕێوەبەری پۆلیس

## دیمەنی یەکەم

سەکۆیەکی ڕەشی بازنەیی لە ناوەڕاست و پێشی شانۆدا، ڕووناکییەکی کزی لەسەرە. کات شەوە، دەنگ و ناڵە و وڕێنەیەکی بەسۆ دێتە گوێ. ناڵە و وڕێنەیەکی شێتانە، ڕوناکیی کەمێك زیاتر دەبێ، سێ کەس هەریەکە و بە بار و حاڵەتێکی تایبەتی لەسەر لێواری بازنەکە دانیشتوون. یەکێکیان خۆی گرمۆڵە کردووە و دەلەرزێ، ئەویتر چاوی لە خاڵێك بڕیوە و دەگری، پاشان خەریکی شاردنەوەی شتێك دەبێ. سێیەمیان بە شێوەیەکی سەیر سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبێکە. ڕوناکیی زیاتر دەبێ و بە تەواوی سنووری بازنەکە ڕوناك دەکاتەوە، ئاژاوە و پەرشوبلاویی شتەکان ئاشکراتر دەبێ. گۆرانییەك لە دەرەوە دێتەگوێ، ناڵە و دەنگەدەنگەکانی ناوەوە خامۆش دەبن. ڕووناکی لە پەنجەرەکە و پاشان لە دەرگاکە دەدرێ.

***دەنگی نیکیتا***

( بە تووڕەیی ) **ها ... بەرازەپیر، کەی تێدەگەیت و تۆزێك ئەقڵ دەچێتە ناو ئەو کەللە زلەتەوە ... وەرە...**

( مۆسیکا لە گۆرانی گوتن بەردەوامە )

***دەنگی نیکیتا***

گەلحۆ لەگەڵ تۆمە ... ( لە پەنجەرەکەوە وەدیاردەکەون ... نیکیتا مۆسیکای گرتووە و ئەویش هەر گۆرانی دەڵێ )

**نیکیتا**

بیپڕەوە سەگباب! ئاژاوە مەنێرەوە! خەستەخانەکە لە خەو ڕاپەمەڕێنە ... (لە دەرگاکەوە دێتە ژوورەوە ) وەرە هەی بە نەعلەت بیت!

( نیکیتا بە توندی مۆسیکا بۆ پێشەوە پەلکێش دەکا و تاکو سنووری بازنەکەی دەهێنێ، سێ کەسەکەی تر ناجووڵێن، هەروەك ئەوەی لە خەونێکی قووڵدا بن یاخود لە نوێژێکی ئەبەدییدا. نیکیتا بەردەبێتە لێدانی مۆسیکا، نەوای گۆرانییەکەی مۆسیکا وردە وردە لەگەل لێدانەکەی نیکیتادا دەبێتە ناڵە و گریان )

**نیکیتا**

( بە تووڕەیی ) بێنە بزانم چەندت هێناوەتەوە! مەگری. دەی بزانم، وەك گا مەبۆڕێنە! ( گیرفانەکانی مۆسیکا دەگەڕێ، ئەویش هەر دەگری ) ڕاوەستە، ئادەی ... ئەمە پێنج کۆپێك، ئەوە دە، ئادەی .. ئەمە پازدە ... (بە تورەییەکی زیاتر) تەنها پازدە کۆپێك؟ لە بەیانی زووەوە پازدە کۆپێك؟ (دەکەوێتەوە لێدانی) کوا؟ پارەکانی تر کوا؟

**مۆسیکا**

( وەك منداڵ دەگری ) بەخودا .. سوێند بە خودا ... هەر پازدە کۆپێك ... هەر ...

**نیکیتا**

دەمت داخە بەرازە پیر .. دەمت داخە! ( پارەکە دەخاتە گیرفانییەوە ) مۆسیکا گوێ بگرە! باش دەزانی کە بەتەنها تۆ لەم خەستەخانەیەدا ماف چوونە دەرەوەت هەیە..( مۆسیکا وەك منداڵ پێدەکەنێ ) خودا شاهیدە جارێکی تر ئاوها و بەم پارە کەمەوە بگەڕێیتەوە، ئیتر هەرگیز ڕووناکی نابینی ... تێگەیشتیت؟ ( بەردەبێتەوە لێدانی )

**مۆسیکا**

**ئا ... ئا بەڵام هیچ نەبێ ڕوحمێ بە دەستەکانی خۆت بکە!**

**نیکیتا**

**گووتم دەم هەڵنەهێنیتەوە... دەتەوێت قسە بکەیت؟ ها؟ لە کەیەوە؟**

**(پاڵێکی توندی پێوە دەنێ و دەیخات. خۆی دەچێتە دەرەوە، مۆسیکا دەناڵێنێ، لەشی گرمۆڵە بووە. پاش وچانێك هەڵدەستێ و بەرەو لای سێ کەسەکەی تر دەڕوات، بە سۆزەوە تەماشایان دەکا، چەند کۆپێکێك لە شوێنێکی جلەکانی دەردەهێنێ و سەروو کۆپێکێکیان دەداتێ، لەگەڵیاندا دەکەوێتە گفتوگۆیەکی وڕێنەئاساوە، پاشان هەڵدەسێ و بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات).**

**تاریکی**

## دیمەنی دووەم

**ڕووناکی لەسەر پێشی شانۆ، ماڵی دکتۆر ئەندریە یەفیمیتش، مێزێك چەند کتێبێك و بوتڵێك ڤۆدگای لەسەرە، دکتۆر بە ژوورەکەدا دێت و دەچێ، دەوەستێ، بیردەکاتەوە.**

**دکتۆر**

**( لەبەرخۆیەوە ) پۆشکین بەر لەمردنی ئازار و ڕەنجێکی زۆری کێشا، هاینییەی بێ کەسیش چەند ساڵ ئیفلیج بوو. ( بێدەنگی ) هێی ... ژیان زیندانێکی بەسۆیە. کاتێ ئینسان پێدەگا و ئەقڵی گەشە دەکات، هەر لەخۆیەوە هەست دەکا کە بووە بە داوێکەوە و ئیدی چ ڕێگەی ڕزگاربوونی نییە. ئادەمیزاد بە پێچەوانەی ویستی خۆی، لە ئاکامی زنجیرەیەك ڕووداوەوە هاتۆتە دونیاوە. بۆچی؟ ئاشکرا نییە! دەیەوێ واتاو مەبەستی دروست بوونی بزانێ. بەڵام ... بەڵام وەڵامی نادرێتەوە یاخود وەڵامی بێ**

سەر و بەرە دەبیستیٚ. ( بەبەو لای بوتڵی ڤۆدگاکە دەڕوا و پیٚکیٚ تیٚدەکا و دەیخواتەوە ) لە هەر دەرگایەك بدا بە ڕوویدا ناکریٚتەوە، پاشان مەرگ بە سۆراغی دیٚ! ( بیٚدەنگی ) مەرگ! ( بیٚدەنگی ) کاتیٚ مەرگ کۆتاییەکی ئاسایی و سروشتیی شتەکان بیٚ ئیتر چ پیٚویست دەکا کە ڕیٚگەی مردن لە خەڵك بگیریٚت؟ گەر مەبەستی زانستی پزیشکی ئەوەبیٚ بیەویٚ بە دەوا و دەرمان ڕەنج و ئازار کەمکاتەوە، بەڵام باشە بۆچی دەبیٚ ڕەنج و ئازار کەم بکریٚنەوە؟ ئازار و ڕەنج مرۆڤ بەرەو کامڵیی دەبەن ... ( بیٚدەنگی ) بەڵام چار چییە؟ شاریٚکی دوو سەد کیلۆمەتریی لەهیٚڵی قەتارەوە دوور، تەنها خەستەخانەیەك، نەخۆشی زۆر، زۆر وەکو لافاو، نەبوونی خواردنی باش، پیس و پۆخڵیی، هەر لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ کارکردن، نەشتەرگەریی، فەحس، هەندیٚ چار مامانیی کردن، ئەم کارە بیٚ ئەنجام و بیٚ سوودە تەمبەڵ و بیٚزارم دەکا. ئەمڕۆ سی نەخۆش دەبینیت، سبەینیٚ ژمارەیان دەبیٚتە چل، دوو سبەی دەبنە پەنجا و شەست، ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ زیارتر دەبیٚ. نە ژمارەی مردووان کەم دەبیٚتەوە و نە هورووژمی نەخۆشەکانیش هیٚور دەبیٚتەوە. ئایا تەنها پزیشکیٚك دەتوانیٚ لە بەیانییەوە تاکو نیوەڕۆ بە ڕیٚکوپیٚکی بە چل نەخۆشدا ڕابگا؟ نا .. بیٚگومان فریویان دەدا. بینینی دوازدە هەزار نەخۆش لە ساڵیٚکدا واتە فریودانی دوازدە هەزار کەس...( لە ناوەڕاستی ئەو دیالۆگانەی دکتۆردا، داریوشکا هاتۆتە ژووریٚ و بەدەم قسەکانی دکتۆرەوە سەر با دەدا ).

**داریوشکا**

ئەندریە یەفیمیتش ... ( دکتۆر ئاوڕدەداتەوە ) وادەی نانی نیوەڕۆتان نەهاتووە؟

**دکتۆر**

نا ... داریوشکا، جاریٚ برسیم نییە..( دەنگیٚ لە دەرەوە، میخایل ئاوریانیچ دیٚتە ژوورەوە )

**میخایل ئاوریانیچ**

سڵاو ئازیزەکەم سڵاو، ( بە پێکەنینەوە ) هەروەك بڵێی بە بینینم خۆشحاڵ نەبیت ... ها!

**دکتۆر**

بە پێچەوانەوە ... بە پێچەوانەوە من هەمیشە بە بینینی ئێوە خۆشحاڵم (پەرداخێك پڕ لە ڤۆدگا دەکا و دەیداتە میخایل). میخایل ئاوریانیچی ئازیز، بەڕاستی چەندە مایەی خەفەتە، چەندە مایەی خەمە کە بەهیچ جۆرێك لە شارەکەماندا کەسانێك نابینرێن ئارەزوو بکەیت یان بتوانیت دەربارەی مەسەلە ئەقڵییەکان لەگەڵیاندا بدوێیت، لەڕاستیدا ئەمە عەیبێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ئێمەیە، تەناتەت ڕۆشنبیرەکانیش جگە لە مەسەلەی هیچ و پووچ و بەسەرچوو، بیر لە شتێکی تر ناکەنەوە.

**میخایل**

زۆر ڕاستە لەگەڵتام ...

**دکتۆر**

( لەسەرخۆ ) بێگومان تۆ دەزانیت کە لەم جیهانەدا جگە لە قۆناغی بەرزی ئەقڵ، هەموو شتێکی تر بێ نرخ و بێ کەڵکە، تەنها ئەقڵ سنووری نێوان ئینسان و ئاژەڵ جیادەکاتەوە. ئینسان شەریفترین بوونەوەرە و ئەقڵ دەیگەیەنێتە قۆناغی کامڵچیی و پلەی خودایی. ( بێدەنگی ) لەم ڕووەوە ئەقڵ تاکە سەرچاوەی چێژی ئینسانە، ئەنجا لەبەرئەوەی ئێمە کەسانێکی وا کامڵ لە دەوروبەرمان نابینین، بۆیە قسەی ئاقڵانەش نابیستین و لە هەموو جۆرە لەزەتێکیش بێبەرین. ڕاستە ئێمە کتێب دەخوێنینەوە، بەڵام کتێب جیاوازی لەگەڵ تێکەڵاوبوونی خەڵکدا هەیە.. گەرچی ئەم پێوانەیە بەتەواوی ڕاست و دروست نییە، بەڵام دەمەوێ بڵێم کە کتێب وەك نۆتەی مۆسیقا و گفتوگۆ وەك ئاواز وایە ...

**میخایل**

به تەواوی ڕاستە دکتۆر ... ( داریوشکا دێت و لە دوورەوە گوێ لە قسەکانیان دەگرێ، میخایل ئاهێك هەڵدەکێشێت. ) ئاخ لە خەڵکی ئەم ڕۆژانە ... چاوەڕێی ئەقڵیان لێناکرێ، لە ڕابردوودا ژیانی خەڵك بە شادیی و خۆشیی تێدەپەڕی و ژیانیان سەراپا کامەرانیی بوو. ڕۆشنبیرانی ئەقڵگەرای ڕوسیا، نرخێکی گەورەیان بە شەرافەت دەدا، بەبێ سەنەد و کۆمپیالە قەرزیان بەبێ نەوایان و لێقەوماوان دەدا، دەستگیرۆیی نەکردنی خەڵکیان بە خەوشێکی گەورە دەژمارد، شێوەی گفتوگۆ و هەڵسوکەوتیان زۆر نایاب بوو. ئای چ کەسانێك بوون! دۆستانی یەك ڕەنگ و یەك دڵ، ژنی شۆخ... قەوقاز چ سەرزەمینێکی سەیرە ..( بێدەنگی ) یەکێك لە ئەفسەرانی سوپاکەی ئێمە ژنێکی زۆر سەیری هەبوو، ئەو ژنە شەوانە بە تەنها و بەبێ ڕێنوێن، دەچوو بۆ شاخ، خەڵکی دەیانگوت ئەو ژنە لەوێ لەگەڵ شازادەیەکدا پەیوەندی خۆشەویستی بەستووە.

***داریوشکا***

( ئاخ هەڵدەکێشێ ) ئۆە ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمان!

***میخایل***

چۆن دەیانخوارد و دەیانخواردەوە ....

***دکتۆر***

( دکتۆر قسەکانی پێدەبڕێ ) زۆر جار لە خەونەکانمدا کەسانی زرنگ دەبینم و قسەیان لەگەڵدا دەکەم ..( بێدەنگی ) باوکم پەروەردەکردنێکی باش پەروەردەی کردووم، بەڵام لەژێر بیروباوەڕی شەستەکاندا ناچاری کردم ببمە پزیشك، دڵنیام گەر وا نەبوایە ئێستا شتێکی تر بووم، لەوانەیە ئەندامی کۆلێژێکی ئایینی بوومایە.

***میخاییل***

بە تەواوی ڕاستە.

***دکتۆر***

ڕاستە ژیان زیندانە، بەڵام ئەگەر خەڵکی لە ژیاندا بەباس و خواس و ڕاوێژی فیکری هەڵسن و لەگەڵ یەکدا بەرەو پێشەوە بڕۆن، کاتی خۆیان بە ئاڵوگۆڕی بیری ئازاد و بەنرخدا بەسەربەرن، ئەوا چیتر ئەو زیندانە سەرنجیان ڕاناکێشێت. هەروەك ئەوەی کە کۆمەڵێك زیندانیی کاتێك بە یەکەوە دەڕۆن، هەست دەکەن ئازادتر و سەربەست ترن.

**میخایل**

ڕاستە. بەڵام دکتۆر، ئێوە باوەڕتان بە ژیانی ئەبەدی و مانەوەی ڕۆح نییە؟

**دکتۆر**

نا، میخایل ئاوریانیچی ئازیز! باوەڕم پێی نییە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ ئەوەی باوەڕم پێی هەبێ.

**میخایل**

منیش هەرچەندە وا هەست دەکەم کە هەرگیز نامرم، بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە گومانم لە ژیانی ئەبەدی و مانەوەی ڕۆح هەیە. زۆر جار بە خۆم دەڵێم ئەی پیرەمێردی خەڵەفاو، ئیتر کاتی مردنە بەڵام دەنگێکی لاواز لە قووڵاییمدا وەڵام دەداتەوە و پێمدەڵێ، پیرەمێرد، باوەڕ مەکە، تۆ هەرگیز نامریت! ( پێدەکەنێ )

**تاریکی**

## دیمەنی سێیەم

ڕووناکی لەسەر سەکۆ بازنەییەکەیە، کەسەکان هەریەکەیان بەشێوە و بارێکی سەیر و تایبەتی دانیشتوون، ڤانیا و تریۆف و ئیڤان، مۆسیکا لەوێ نییە، ورتەورتێك دێتە گوێ.

### ڤانیا

(کتوپڕ به تریۆف) پیرۆزباییم لێبکه، هەڵبژێردراوم مەدالیای ستانسلاڤسکی نمره دووم بدەنێ. (بێدەنگی، تریۆف چاوی لەخاڵێك بڕیوه و دەگری. ڤانیا بەرەو لای ئیڤان دەڕوا و بەدەنگی بەرز ) پیرۆزباییم لێبکه هەڵبژێردراوم مەدالیای ستانسلاڤسکی نمره دووم بدەنێ، ئەو مەدالیایه به کەسانی بیانی نەبێ نادرێ بەڵام لەبەر هۆی تایبەتی دەیدەنه من (پێدەکەنێ) پێویسته دان بەوەدا بنێم که من بەهیچ شێوەیەك چاوەڕێی ئەو ڕێزلێنان و ئافەرینه نەبووم. ( ئیڤان چاو دەبڕێته چاوی و زەردەخەنه دەیگرێ، ڤانیا بەتوڕەیی ) پیرۆزباییم لێبکه!

### ئیڤان

( به پێکەنینەوه ) سەر لەم مەسەلەیه دەرناکەم.

### ڤانیا

( بەتوڕەیی ) دەزانیت له ئایندەدا چ مەدالیایەك وەردەگرم؟ مەدالیای ئەستێرەی سوێدی، مەدالیایەکی گەورەیه و ئەوە دەهێنێ ئینسان هەوڵی بۆ بدات، حاچێکی سپی و پەتێکی ڕەش ... زۆر قەشەنگه ( پێدەکەنێ و پاشان بەشێوەیەکی سەربازییانه دەوەستێ و لەپڕ هاواردەکات ) پیرۆزباییم لێبکەن هەی بەرازینه، پیرۆزباییم لێبکەن ( دەیکاته هاوار هاوار ) پیرۆزباییم لێبکەن ... پیرۆزباییم لێبکەن!

( نیکیتا دێته ژوورەوه و شپرزەیه )

### نیکیتا

بێدەنگ، بێدەنگ ... دکتۆر هات ... کارێ مەکەن دەرکرێن و لەسەر جاددە بتۆپن. بێدەنگ .. بێ هەرا و هۆریا .. ڕێکوپێك .. به ئەدەب ( ڤانیا هێمن دەبێتەوه و دکتۆر دێته ژوورەوه، بێدەنگیی، ڤانیا دەست بۆ سنگی دەبا و به شپرزەیی دەکەوێته حەشاردانی شتێك، ئیڤان به گاڵتەجاڕییەوه تەماشای دکتۆر دەکا. تریۆف سەیری نیکیتا دەکا و دەلەرزێ )

دكتۆر

سلاو ...

ئیڤان

( به قاقای پێكهنینهوه ) هات! ئاخرییهكهی هات! بهڕێز جهنابی دكتۆر هات! پیرۆزبایی دهكهین، جهژن دهگێڕین، سهما دهكهین! ئهی چۆن! ئاخر جهنابی دكتۆر ئێمهی بیركهوتۆتهوه! به شایستهی بینینی خۆیمان دهزانێت! ( قاقا پێدهكهنێ، له پڕدا به تووڕهیی ) ههۆ ماری نهفرهتیی، پێویسته سهرت پان بكهینهوه. نا ... نا پێویسته بتخهینه زبڵخانهوه.

دكتۆر

( زۆر به هێمنی ) ئاخر بۆچی؟

ئیڤان

بۆچی؟ بۆچی؟ ( تفێك له دكتۆر دهكا ) چونكه دزیت! فێڵ بازیت! گهندهڵیت!

دكتۆر

( بهزهردهخهنهوه ) هێمن بهرهوه، دڵنیابه ههرگیز دزییم نهكردووه، یهبارهت به فێڵبازیی و گهندهڵییش لهو باوهڕهدام ئێجگار وا نییه. دهبینم لێم پڕیت ( بێدهنگی ) تكات لێدهكهم هێمن بهرهوه، دهتوانیت به هێمنی پێم بڵێیت بۆچی لێم بهقینیت؟

ئیڤان

( به تووڕهیی ) بۆچی منت لێره هێشتۆتهوه؟

دكتۆر

( به میهرهبانیی ) چونكه نهخۆشیت!

ئیڤان

( بهزمانێكی گاڵتهجارییانه و تووڕه ) بهڵێ نهخۆش! بهڵام دهیان و سهدان شێت له دهرهوه سهربهستیی خۆیان وهرگرتووه. دهزانیت بۆ؟ چونكه

دەبەنگیی تۆ ناتوانێت لە ساغەکانیان جیاکاتەوە! بۆچی من ئەم نەگبەتانە بکرێینە قۆچی قوربانی و لەباتی ئەو هەمووە لێرەدا داڕزێین؟ ڕەوشتی هەریەکێ لە ئێمە لە ڕەوشتی جەنابت و یاریدەدەرەکەت و لێپرسراو و هەموو دەبەنگەکانی تر بەرزتر و جێگەی بەراورد نییە. بۆچی ئێمە لێرە بین و ئێوە نا؟ ئەمە مەنتیقە؟

دکتۆر

( زۆر هێمن ) ڕەوشت و مەنتیق پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە. هەموو شتێك لەسەر ڕێکەوت وەستاوە، ئەوەی خراوەتە ئێرەوە لێرە دەمێنێتەوە، ئەوەیشی نەخراوەتە ئێرەوە سەربەستی خۆی وەرگرتووە، ئەمە هەموو شتێکە. هیچ ڕەوشت و مەنتیقێك لەوەدا نییە کە من دکتۆر بم و تۆیش نەخۆشێکی دەروونی بیت.. بەڵکو تەنها ڕێکەوتێکی بەتاڵە. ئەمەشیان ....

( لەم کاتەدا موسیکا بە گۆرانی گوتنەوە دێتەوە، چاوی بە نیکیتا دەکەوێ و گۆرانییەکەی دەبڕێ. بەرەو لای دەچێ، بە ترسەوە پارە و نانی سواڵەکەی لە گیرفانەکانی دەردێنێ و بۆ نیکیتای درێژ دەکات. دکتۆر و ئیڤان چاویان لەو هەڵوێستە بڕیوە، ئیڤان زەردەخەنە دەیگرێ.)

موسیکا

ها .. هانێ. (نیکیتا دەشڵەژێ و تەماشای دکتۆر دەکا، موسیکا دکتۆر دەبینێ، پارە و نانەکە هەڵدەگرێتەوە و بەرەو لای دکتۆر دەڕوات. بە زوبانی سواڵ) کۆپێکێکم بدەرێ!

دکتۆر

( شپرزە دەبێ و دەست بە گیرفانیدا دەکا ) ها ئەمە دە کۆپێك. ( سەرنج لە پێی موسیکا دەدا ) ئەوە هیچت لەپێدا نییە! ئاخر خراپە، عەردەکە سارد و شێدارە! ( بە نیکیتا ) نیکیتا ... دەتوانیت لە ئەمبارەکە جووتێك پێڵاو بدەیتە ئەم نەخۆشە؟ سەرما لە پێی دەخا.

نیکیتا

( شپرزە ) بەسەرچاو دکتۆر، بە جەنابی لێپرسراو دەڵێم.

دکتۆر

تکایە بەناوی منەوە پێی بڵێ! ( وچان )

ئیڤان

( لەناکاو، بەدەنگی بەرز ) بەرەڵامکە!

دکتۆر

ناتوانم!

ئیڤان

( بەتووڕەییەکی زیاتر ) بۆچی؟ بۆچی؟

دکتۆر

چونکە لەتوانای مندا نییە! ( میهرەبانتر ) پاشان خۆت حوکم بدە ... سوودی بەرەڵابوونت چییە؟ برۆ ... بەڵام خەڵکەکەی دەرەوە ناچارت دەکەن بۆ ئێرە بگەڕێیتەوە.

ئیڤان

( دێتەوە سەرخۆ و بە شپرزەیی ) ئا ... ڕشاستە، شتێکی سەیرە ... بەڵام چی بکەم؟ چار چییە؟

دکتۆر

( بە زمانێکی هاوڕێیانە ) دەپرسیت چی بکەیت؟ باشترین شت بۆ تۆ ئەوەیە لێرە ڕاکەیت، بەڵام بەداخەوە ئەم کارەش سوودی نییە، چونکە هەر دەتگرنەوە، کاتێ کۆمەڵگە بڕیار دەدات خۆی لە تاوانباران و شێتەکان بپارێزێ و دەسبەرداریان بێ، ئیتر زەحمەتە بتوانرێ هیچ لەگەڵ ئەو بڕیارەدا بکرێت. کەواتە تۆ تەنها چارەیەکت هەیە، ئەویش ئەوەیە بەو خەیاڵە دڵنەوایی خۆت بکەیت کە بوونی تۆ لەم شوێنەدا پێویستە.

ئیڤان

( تووڕە ) مانەوەی من لێرەدا بۆ هیچ کەسێك پێویست نییە.

دکتۆر

( هاوڕێیانەتر ) مادام شێتخانە دروستکراوە، کەواتە دەبێ کەسانێك هەبن تیایدا نیشتەجێ بکرێن و بمێننەوە، گەر تۆ نەڕۆیت ئەوا دەبێ من بڕۆم، گەر من نەڕۆم دەبێ یەکێکی تر بڕوات. کەمێك حەوسەڵەت هەبێ تا بەڵکو لە ئایندەدا خەستەخانە و شێتخانەکان نەمێنن.

ئیڤان

( بە گاڵتەجارییەوە ) جەنابتان درۆ دەفەرموون. نموونەی وەك تۆ و نیکیتا و یاریدەدەرەکەتان بەینتان لەگەڵ ئایندەدا نییە، بەڵام بەڕێز جەنابی دکتۆر دڵنیابە کە زەمانێکی تر بەڕێوەیە. دەتوانیت بە قسەکانم پێبکەنیت و بە پووچ و بێ مانایان دابنێیت. بەڵام من ..... ( جووڵەی ئیڤان حاڵەتێکی سەیر وەردەگرێ و لێرەدا زیاتر لە گوتاربێژێك دەچێت ) بەڵام من ئەو ڕۆژەم لەپێشچاوە ... ئافەرین بۆ پێشەوە ... خودا پشتوپەناتان بێت.

دکتۆر

( بەتەواوەتی ئیڤانی چۆتە دڵەوە ) من هیچ پاشاوێك بۆ بەختیاریی بەدی ناکەم. بەڵێ خەستەخانە و شێتخانە نامێنێ، بەڵام جەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێ، پاشای سروشت هەروەك خۆی دەبێ... خەڵکی هەر نەخۆش دەکەون و پیر دەبن و دەمرن ... هەروەك ئێستا، لەکۆتاییدا دەتخەنە نێو تابووتێکەوە و لەچاڵێکت دەنێن.

ئیڤان

ئەی نەمریی؟

دکتۆر

ئا .... واز لەمەیان بێنە!

ئیڤان

تۆ باوەڕت بە نەمریی نییە، بەڵام من باوەڕم پێیەتی. نازانم دۆستۆیڤسکی دەڵێت یاخوود ڤۆڵتێر کە ئەگەر خودا نەبووایە خەڵکی خۆیان

دەیانخولّقاند. من باوەڕێکی تەواوم بەوە هەیە کە ئەگەر نەمرییش نەبێ ئەوا ئەقڵی مەزنی بەشەرییەت دەیخولّقێنێت.

دکتۆر

( بە زەردەخەنە و خۆشییەوە ) ئافەرین ... باشە ئەگەر باوەڕت بەوە هەبێت ئەوا دەتوانیت لەچینی دیواریشدا بە بەختیاریی بژیت. ئەرێ لە هیچ کوێ خوێندووتە؟

ئیڤان

ئا ... لە زانکۆی پیترسبۆرگ بووم، بەڵام تەواوم نەکرد.

دکتۆر

تۆ مرۆڤێکی فامیدە و دانایت، لەهەر وەزعێکدا بیت دەتوانیت ئارام و ئاسوودە خەیاڵ بیت، ئەندێشەی سەربەست و قووڵ کە مەبەستی درک پێکردنی مەسەلەکانی ژیان بێ و هەروەها ڕقی تەواو لە شتە پووچەکانی دونیا، دوو هۆکاری وەهان کە تا ئێستا مرۆڤ بە لەوە گەورەتر ئاشنا نەبووە. دەتوانیت لە ناهەموارترین جێگەشدا پەیدایان بکەیت. دیۆچین لە بەرمیلێکدا ژیا، بەڵام لە هەموو قەیسەرەکانی دونیا بەختەوەرتر بوو.

ئیڤان

( بە توورەیی قسەکەی پێدەبڕێ ) قسەی قۆڕ بەسە! لەبارەی درک پێکردنی مەسەلەکانی کام ژیانەوە دەدوێیت؟ بۆچی لەبارەی دیۆجین و تێگەیشتنی ژیانەوە دەدوێیت؟ من ژیانم خۆش دەوێت، زۆریشم خۆش دەوێت. شێتیی من لەوەوەیە کە هەست دەکەم بەردەوام بەدوامەوەن، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدام، لە ئازار و ئەشکەنجەدام، بەڵام ئەو ساتانە بەرێوەن کە تیایدا عەشقی ژیان دەمگرێتە خۆی، ئەوکاتە دەترسم کە لە بەختەوەرییدا شێت بم. ئای چەندە ژیانم خۆش دەوێت ... ( وەك منداڵێك دەکەوێتە یاری کردن و تەواوێك شاگەشکە دەبێت ) کاتێ خەون دەبینم تارماییەکان بۆ دیدەنییم دێن، خەڵکی لێم نزیك دەبنەوە، جۆرە دەنگێك دێتە گوێم، نەوای

مۆسیقایەکی ڕۆح نشینم تێدا دەزرنگێتەوە، وا مەزەندە دەکەم کە لە دارستانە جوانەکان و لە کەناری زەریادا پیاسە دەکەم. لەوکاتەدا بە ئارەزوویەکی بێشومارەوە حەزدەکەم کاربکەم و زەحمەت بکێشم … (دێتەوە سەر خۆی و بە نائومێدییەوە ) هەواڵی شار چۆنە؟ ڕۆژنامەکان دەڵێن چی؟

دکتۆر

ژیان لە شار تابڵێی بێزەوەرە، کەسێك نادۆزیتەوە وشەیەکی پێبڵێی یاخود ڕستەیەکی هاوڕێیانەی لێببیستیت. ( بێدەنگی ) بەڵام ماوەیەکە دکتۆرێکی گەنجمان بۆ هاتووە ناوی خاباتۆفە.

ئیڤان

جارێك سەردانی کردم ( بە گومانەوە ) بەڕای تۆ کابرایەکی چۆنە؟ مەزەندە ناکەیت کابرایەکی توندوتیژ و بێ ڕەوشت بێت؟

دکتۆر

راستە کابرایەکی …… ( ئیڤان ڕادەکشێ و پشت لە دکتۆر دەکات ) چییە؟

ئیڤان

( بە تووڕەییەوە ) چیتر ووشەیەکم لێنابیستیت … وازم لێبێنە!

دکتۆر

( بە پێکەنینەوە ) بۆچی؟ چی بووە؟

ئیڤان

دەڵێم وازم لێبێنە … چ شەیتانێکە!

دکتۆر

( هەڵدەسێ و سەیرێکی نوخۆشەکەی تر و نیکیتا دەکات، تەماشایەکی ژوورەکە دەکات. بێدەنگی ) نیکیتا چۆنە تۆزێ ئەم ناوە پاك بکەیتەوە، بۆنێکی ناخۆشی لێدێ!

**نیکیتا**

بەسەرچاو دکتۆر بەسەرچاو ... ( دکتۆر بەرەو دەرەوە دەڕوات، ڤانیا پێشی دەکەوێت )

**ڤانیا**

( بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە ) پیرۆزباییم لێبکە! پیرۆزبایی ... هەڵبژێردراوم مەدالیای ستانسلاڤسکی نمرە دووم بدەنێ ( دەگری ) ئەو مەدالیایە بە هەموو خەڵکێك نادرێت، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی دەیدەنە من ... ( بە کوڵ دەگری، دکتۆر دەست بە سەریدا دەهێنێ )

تاریکی

## دیمەنی چوارەم

هەمان جێگەی دیمەنی سێیەم، ڕۆژی دواتر. دکتۆر لای سەری ئیڤانەوە دانیشتووە و لە ڕووخساری وورد دەبێتەوە، ئیڤان سەری خستۆتە نێوان هەردوو دەستییەوە و وەك منداڵ خەوی لێکەوتووە، پاش ماوەیەك چاوی دەکاتەوە و دکتۆر دەبینێ، چاو دەبڕێتە دکتۆر، دکتۆریش بە ڕووخۆشیی و پێکەنینەوە تەماشای دەکات.

**دکتۆر**

( بە زەردەخەنەوە ) سڵاو هاوڕێکەم ... لە خەوێکی خۆشدا بوویت!

**ئیڤان**

( سەری وەردەگێڕێ و پشتی تێدەکا ) من هاوڕێت نیم، پاشن خۆت ئەزیەت مەدە، تەنها وشەیەکم لێنابیستیت!

**دکتۆر**

( کەمێك بە شەرمەوە ) زۆر سەیرە! دوێنێ بە ئارامیی و هێمنیی قسەمان دەکرد، کەچی نازانم کوتوپڕ تووڕە بوویت و لێم ڕەنجایت. لەوانەیە شتێکی هەڵەم گوتبێ، یاخود لەوانەیە شتێکم گوتبێ کە لەگەڵ بیروباوەڕی تۆدا نەگونجابێ.

**ئیڤان**

( دادەنیشێ و بە گاڵتەجاڕییەوە ) وا دەزانیت هەروا بەئاسانی باوەڕت پێدەکەم! ( بە تووڕەیی ) دەتوانیت بڕۆیت بۆ جێگەیەکی تر و سیخوڕێتی بەسەر کەسێکی ترەوە بکەیت! بەڵام ناتوانیت لێرە ئەوە بکەیت ... من دوێنێ زانیم بۆچی هاتوویت!

**دکتۆر**

( بە پێکەنینەوە ) چەند مەزەندەیەکی سەیرە! کەواتە وادەزانی کە من .....

**ئیڤان**

( بە هەمان تووڕەیی ) بەڵێ ... سیخوڕ یان پزیشك چ جیاوازییان نییە! هاتووە تاکو ئیمتیحانم بکا! ( پێدەکەنێ ) وەك یەکن، جیاوازییان نییە!

**دکتۆر**

( بە میهرەبانی ) باشە .. بابڵێین وایە، من هاتووم و هەوڵدەدەم لە زوبانتەوە بدەم و ڕەوانەی زیندانت کەم. بەڵام ئایا ژیانی ئێرەت لە ژیانی زیندان خۆشترە؟ گەر ڕەوانەی سیبریاش بکرێیت، ئایا ئێرەت لەوێ خۆشتر دەبێت؟ وابزانم ئێرە خۆشتر نییە ... کەواتە لە چی دەترسیت؟ ها ... ؟

(بێدەنگی، ئیڤان هێمن دەبێتەوە و تەماشایەکی دکتۆر دەکا، دادەنیشێت، بیردەکاتەوە)

**ئیڤان**

چەند خۆشە ئێستا سواری گالیسکەیەك بیت و پیاسەیەکی دەرەوەی شار بکەیت، پاشان بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە ... دەرگای ژوورە گەرم و هێمنەکەت

بکەیتەوە و ئەوجا پزیشکێکی شارەزا بێت و ئازاری سەرت بۆ هێورکاتەوە... ( بە ماندووییەکی زۆرەوە ) لەمێژە من وەك ئادەمیزادێك نەژیاوم، لێرە ژیان نەفەرەتە ... بەهیچ جۆرێك ئەم ژیانە بەرگەناگیرێت ... (بەدەست نێوچەوانی خۆی دەگوشێت)

**دکتۆر**

( بەدڵنیاییەوە ) هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژووری گەرم و ئارام و ئەم ژوورەدا نییە! دڵنیایی و بەختەوەریی لەدەرەوەی ئادەمیزاددا نین، بەڵکو لەناخی خۆیدان ..

**ئیڤان**

( زۆر ماندوو ) یەعنی چۆن؟

**دکتۆر**

یەعنی ئادەمیزادی سادە و ساکار چاوەڕێی شتە خۆش و ناخۆشەکان لە دەرەوە دەکات، یەعنی لە گالیسکە و ژووری گەرم، بەڵام ئادەمیزادی فامیدە، لەناخی خۆیدا چاوەڕێی ئەو شتانە دەکا، گالیسمە و ژووری گەرم لەناخی خۆیدان.

**ئیڤان**

( هەڵدەچێ ) برۆ تەشریف بەرەو ئەم فەلسەفەیە لە یۆناندا بڵاوبکەرەوە، هەوای ئەوێ گەرمە و بۆنی نارنج لە هەموو لایەکەوە دێ، بەڵام ئەو فەلسەفەیە لەگەڵ هەوای ئێرەدا ناگونجێت ... ( هێمن ) نازانم لەگەڵ کێدا بوو باسی دیۆجینم دەکرد؟ وابزانم لەگەڵ تۆدا بوو!

**دکتۆر**

بەڵێ ... دوێنێ شەو بوو لەگەڵ مندا ....

**ئیڤان**

دیۆجین پێویستی بە نووسینگە و ماڵی گەرم نەبووە. هەوا لەوێ گەرمە، بۆ خۆی لە بەرمیلێکدا دادەنیشت و پرتەقاڵ و زەیتوونی دەخوارد. ( بە

گاڵتەجارِییەوە ) بەڵام ئەگەر لە ڕوسیادا بژیایە، ئەوا نەك لە مانگی یازدەدا، بەڵكو لە مانگی مایسیشدا خۆی دەخزاندە ژوورێكەوە تا نەبا لە سەرمادا ڕەق بێتەوە.

دکتۆر

( بەهەمان میهرەبانی ) نا وانییە. سەرمایش وەك ئازار وەهایە، دەتوانیت هەستی پێنەكەیت. مارك ئۆریۆل دەڵێ: ئازار جگە لە خەیاڵ و مەزەندەی خۆمان شتێكی تر نییە، گەر كەسێك هێز و ئیرادەی خۆی رابێنێ دەتوانێ ئەو خەیاڵ و مەزەندەیە لەخۆی دوورخاتەوە و شیكایەت و ناڵەناڵ نەكات. بەمجۆرە ئازاڵ بەتەواوەتی نامێنێ. ئەم قسەیە بەتەواوەتی ڕاستە، جیاوازی نێوان كەسانی ئاقڵ و كەسانی تر لەو ڕووەوەیە كە ئەوانە بە چاوی ڕقەوە تەماشای ئازاركێشان دەكەن، ئەوانە هەمیشە دڵنیا و دڵخۆشن و هیچ پێشهاتێكیان بەلاوە سەیر نییە.

ئیڤان

( بە تووڕەبوونەوە ) كەواتە من كەسێكی گەمژەم چونكە ئازار دەچێژم و لە ناڕەسەنیی و بودەڵەیی خەڵك لە ڕەنج و عەزابدام!

دکتۆر

ئەزیەت و ئازارەكەتان بێهوودە و بێسەمەرە، گەر تۆزێ بیربكەیتەوە تێدەگەیت كە ئەو شتە دەرەكییانەی ئێمەیان ورووژاندووە، زۆر هیچ و بێنرخن. پێویستە لەپێناوی دركپێكردنی واتای ڕاستەقینەی ژیاندا هەوڵ بدرێ ... ڕزگاربوونی ڕشاستەقینەی ئێمە لەوەدایە ...

ئیڤان

(ڕوو گرژ دەكا) كاریگەریی شتی دەرەكیی .... شتی ناوەوەكیی ... ببوورە، من لەمە تێناگەم! (لەپڕدا هەڵدەسێ و بە تووڕەیی تەماشای دكتۆر دەكا) من تەنها لەوە دەگەم كە خودا منی لە دەمار و خوێنی گەرم دروستكردووە. بەڵێ، گەر ئەم چینە ئەندامییەش توانای ژیانی هەبێ، ئەوا

پێویستە بەرامبەر هەر کارتێکەرێك بووروژێ. من هەموو کاریگەرییەکی دەرەکی کارم تێدەکا ... ( بێدەنگیی ) من وەڵامی ئازار بە گریان و فرمێسك و ناڵە دەدەمەوە، وەڵامی خراپیی و ناڕەسەنییش بە بێزاریی و تووڕەیی دەدەمەوە، بە باوەڕی من ئەمەیە کە پێیدەگوترێت ژیان. ( لەپڕ بە دکتۆر ) چۆن ئەمە نازانیت؟ تۆ چۆن دکتۆریت و شارەزاییت لەم مەسەلە سادە و ساکارانەدا نییە؟ گەر کەسێ بیەوێ ڕەنج و عەزاب بە هیچ دانێت، بە چاوی ڕقەوە سەیریان بکا و بە پێشهاتەکان قاییل و دڵنیا بێت، ئەوا پێویستە وەزعێکی وەك ئەمەی هەبێت ...( دەست بۆ تریۆف ڕادەکێشێت ) یاخود بە ئەندازەیەك ڕەنج و عەزاب بکێشێت تا لە کۆتاییدا هەستیاریی خۆی بەرامبەر ڕەنج و عەزاب لەدەستدەدات، یان بەواتایەکی تر کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ ... ( بێدەنگیی، بە هێمنیی ) بمبوورە ... من نە فامیدەم و نە فەیلەسوف، شارەزایی زۆرم لەم مەسەلانەدا نییە، هێزی بیرکردنەوە و گفتوگۆم لەدەستداوە!

دکتۆر

بە پێچەوانەوە، بەشێوەیەکی زۆر جوان وتوویژ دەکەیت ... ( لەم کاتەدا ڕووناکییەکی کز لە پەنجەرەکە دەدرێ و سێرگی سێرگەڤیچ و دکتۆر خابۆتۆف دەبینرێن کە لە پەنجەرەکەوە سەیری ناوەوە دەکەن، دکتۆر و ئیڤان هەستیان پێناکەن.)

ئیڤان

ئەو ڕەواقییانەی کە تۆ لاساییان دەکەیتەوە، بیروبۆچوونەکانیان لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە باوی نەماوە، چونکە ئیدی بۆ ژیانی مرۆڤ پێویست و گرینگ نین، ئەو بیروبۆچوونانە تەنها لای کەسانێك بەهایان هەیە کە ژیانی خۆیان تەرخانی هەر جۆرە فەلسەفەیەك کردووە، بەڵام لای زوربەی خەڵکی بێ ڕۆح و بێ مانان. بەڵێ ئەو فەلسەفەیەی کە خەڵکی فێری گوێ پێنەدان بە سامان و خۆشگوزەرانیی و ئارامیی ژیان دەکا ڕقیان لە ڕەنج و

عەزاب و مەرگ بێت، ئەو فەلسەفەیە بەهیچ جۆرێك لای زوربەی خەڵك قابیلی تێگەیشتن نییە، چونکە هەرگیز ئەو زوربەیە ساماندار نەبووە و خووی بە خۆشگوزەرانیی و ئارامیی ژیانەوە نەگرتووە، ڕق بوون لە ڕەنج و عەزاب لای ئەوانە، وەك ئەوە وایە کە بە ڕقەوە تماشای ژیانی خۆیان بکەن، چونکە بەشەرییەت لە هەستی برسێتیی و سەرما و ڕەنج و ترسییەوە لە مەرگ خوڵقاوە. بەڵێ ژیانی ئادەمیزاد لەنێو ئەو هەستانەدا شاردراوەتەوە، بۆی هەیە کەسێ هەبێ بتوانێ لە ژیان تێر و بێزار بێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ تەحقیری بکات، بەو جۆرەی کە دەبینی لە سەدەکانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ هەستییاریی بەرامبەر عەزاب و ڕەنج و کارتێکەری دەرەکیی .... (قسەکانی دەبزڕکێنێ و پاشان دەوەستێ) نازانم ... ویستم مەسەلەیەکی گرینگتان بۆ باس بکەم، بەڵام ... بیرمچۆوە. ئەرێ لەبارەی چییەوە دەدوام؟ ئا ... بیرم کەوتەوە، دەڵێن ڕەواقییەك خۆی فرۆشتووە و بووەتە کۆیلە تا یەکێك لە هاوڕێکانی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات، زنجیری کۆیلایەتی بەدرێژایی تەمەن خراوەتە گەردن ... دەبینیت؟ تەنانەت کەسیچکیش کە خۆی ڕەواقی بووە، لە بەرامبەر کارتێکەرێکی دەرەکییدا کاردانەوەی پێشانداوە، چونکە پیچویستە بەرامبەر کارێکی خێری وەك فیداکاری لەپێناوی هاورشەگەزی خۆتا، ڕۆحی یارمەتی و هاودەردیی بوروژێنێ ... (سێرگی و دکتۆر خابۆتۆف لەبەر پەنجەرەکەدا نەماون ... بێدەنگی) من لێرەدا، لەم جێگایەدا ... هەموو شتێکم بیرچۆتەوە، ئەگینا زۆر مەسەلەی تری وەك ئەوەم بۆ باس دەکردیت. بۆ نموونە حەزرەتی مەسیح، مەسیحیش وەڵامی شتەکانی دەرەوەی بە فرمێسك و تووڕەیی و پێکەنین و خەم و تەنانەت بە خەفەت خواردنیش دەدایەوە، ئەو هەرگیز بە پێکەنین و خۆشییەوە پێشوازی عەزاب و ڕەنجی نەدەکرد و مەرگی تەحقیر نەدەکرد... ( قاقا پێدەکەنێ ) با وایدانێین کە ئارامی و دڵنیایی بەشەرییەت لەدەرەوەیدا نییە، بەڵکو لە ناوەوەیدایە، با وایدانێین کە پێویستە ڕەنج و

عەزاب تەحقیر بکرێ و هیچ پێشهاتێك سەیر نەبێ، بەڵام بڵێ بزانم بنچینەی واتا فەلسەفییەکانت چییە کە ئاوها و بەم شێوەیە وتار دەدەیت؟ فەیلەسوفیت؟

**دکتۆر**

( بەهەمان میهرەبانی ) فەیلەسوف نیم، بەڵام پێویستە هەموو کەسێك لەم مەسەلانە بگات، چونکە ئەمانە مەسەلەگەلی مەنتیقی و ئەقڵیین ...

**ئیڤان**

نا ... من دەمەوێ بزانم کە ئێوە بۆچی لەم مەسەلە مەنتیقی و ئەقڵییانەدا تەحقیرکردنی ڕەنج و عەزاب بەپێویست دەزانن و لەو بوارەدا خۆتان وەك شارەزایەك دەنوێنن؟ ئایا تا ئێستا عەزابتان چەشتووە؟ ئایا لە واتای ڕەنج و عەزاب گەیشتوون؟ فەرموو بزانم لە منداڵییدا قامچیتان لێدراوە؟

**دکتۆر**

( بە زەردەخەنەوە ) نەخێر باوك و دایکم ڕقیان لە لێدان بوو ...

**ئیڤان**

( بە خەمەوە ) بەڵام باوکی من بێ ڕوحمانە بە قامچی بەردەبووە لێدانم. باوکم فەرمانبەرێکی دڵڕەق بوو، بە نەخۆشی مایەسیرییەوە گیرۆدە بوو، خاوەن کەپوویەکی زل و ملێکی زەرد، مردنی کوتوپڕی سێرگی برام کارێکی زۆر تێکرد و دڵڕەقتری کرد، ماوەیەکی کەم پاش ئەو کۆستە بەتاوانی تەزویر درا بە دادگا و پاشان لە خەستەخانە خەوێنرا و هەر لەوێش مرد. دوای ئەوە ماڵەکەمان هەڕاج کرا و من و دایکم دەربەدەر بووین ( بێدەنگیی، وچان ) دەی ... لەوە گەڕێ، با بێینە سەر تۆ، تۆ بەدرێژایی ژیانت کەسێك پەنجەی بۆ نەبردوویت، کەس نەیترساندوویت و کەس لێینەداویت، وەك گامێشێك قەڵەو و ساغیت، لە ماڵی دایك و باوکی خۆتا گەورە بوویت و بە پارەی ئەوان خوێندنت تەواو کردووە، پاش ئەوە یەکسەر لەسەر کارێکی ئیسراحەت دامەزراویت، زیاتر لە بیست ساڵە،

بێئەوەی پوولێك كرێ بدەیت، لە خانوویەكی گەرم و ڕووناكدا دەژیت، تەنانەت خزمەتكارەكەشتان كرێتان لێوەرناگرێت، بە ئارەزووی خۆت هێندەی بتەوێ كار دەكەیت و خۆت چۆنت بوێ وا دەكەیت، گەر حەز بكەیت دەتوانیت هیچ كارێكیش نەكەیت ...( توورە ) تۆ بە سروشت كابرایەكی تەمبەڵ و تەوەزەلیت، هەربۆیە ژیانت بەجۆرێك ڕێكخستووە كە هیچ شتێك بێزارت ناكا و كەس لە جێگەكەتا ناتجووڵێنێت، كارەكەت بە یارمەتیدەر و گەلحۆكانی تر سپاردووە، خۆیشت بێ وورتە لەجێگەی گەرم و نەرمدا پاڵت لێداوەتەوە، پارە كۆدەكەیتەوە و كتێب دەخوێنیتەوە و خۆت بە بیری جۆراوجۆری هیچەوە، كە بەڕای خۆت بەرزن، دڵخۆش دەكەیت ... ( سەیری ڕوخساری دكتۆر دەكات ) لەزەت لە شەراب خواردنەوەش دەكەیت... بە كورتی تۆ نە ژیانت چەشتووە و نە تێشی دەگەیت، تەنها بەڕووی ڕووكەشی ژیان ئاشنایت! ڕقت لە ئازارە و هیچ شتێك كارت تێناكا. بۆ نموونە گەر جوتیارێك ببینیت كە لە ژنەكەی دەدا، لەدڵی خۆتا دەڵێت: بۆچی لەسەری هەڵبدەمێ، لێكەرێ با لێیبدا، گرینگ نییە، خۆ درەنگ یان زوو هەردووكیان دەمرن، جگە لەوەی ئەو كەسەی لە یەكێك بدا، ئازاری ئەو نادا، بەڵكو ئازار بەخۆی دەگەیەنێت. بەلای تۆوە مەست بوون كارێكی گەمژانەیە، ناشایستییە، چونكە بخۆیتەوە یان نەخۆیتەوە، خۆ هەر دەمریت، گەر پیرەژنێك ددانی بیەشێ و بۆ تیماركردن بێتە لاتان، پێی دەڵێیت: چی بووە؟ ئازار یەعنی مەزەندەكردن و خەیاڵ كردن، ئەمە جگە لەوەی كە بەبێ ئازار ناتوانرێت لەم جیهانەدا ژیان بەرێ بكرێت، هەموو ئێمە دەمرین، كەواتە پیرەژن برۆ ... لەبەر چاوم وون بە و ئەزیەتم مەدە، من دەمەوێ بیر بكەمەوە و ڤۆدكا بنۆشم. گەر لاوێكی بێ ئەزموونیش بێت بۆ لاتان و داوای ئامۆژگاریتان لێبكا بەوەی دەبێ لەم جیهانەدا چی بكرێ و چۆن ژیان بگەزەرێنرێ، تۆیش بێ بیركردنەوە دەڵێیت: برۆ و لەپێناوی درك كردنی مانەوییەت و بەختیارییدا هەوڵ بدە!

بەڵام ئەو بەختییارییە واقیعیی و خەیاڵییە چییە؟ خۆیشت نازانیت! (بەتووڕەییەکی زۆرەوە) ئێمە لێرەدا ئازار دەچێژین و دادەڕزێین، ئەمە ماقووڵە ... چونکە جیاوازی لەنێوان ئەم ژوورە و ژوورێکی گەرم و خۆشدا نییە... ئەمە فەلسەفەیەکی ئاسان و بێ ئەرکە، هیچ مەکە و هەست دەکەیت ویژدانیشت ئاسوودە و ئارامە! ( بە گاڵتەجارییەوە ) نا جەنابی دکتۆر، ئەمە فەلسەفە نییە، ئەمە فیکر نییە، بەڵکو ئەمە تەمبەڵیی و گۆشەگیریی و بێهۆشییە .. ( هەڵدەچێ ) بەڵێ، ڕەنج و عەزاب تەحقیر دەکەیت و بەبێ نرخی دادەنێیت، بەڵام گەر خوانەخواستە پەنجەت بە دەرگایەکەوە ببێت، لە بێخی گەرووتەوە هاواردەکەیت و دەنەڕێنیت!

دکتۆر

( بە زەردەخەنەوە ) لەوانەیشە نەنەڕێنم ..

ئیڤان

نا ... نا ... بەدەنگی بەرز دەنەڕێنیت .. ( دەنگی هاوار و گریان لە دەرەوە دێتە گوێ و قسەکانی ئەمان دەبڕێت. مۆسیکا دێتە ژوورەوە، کە دکتۆر دەبینێ گریانەکەی ڕادەگرێ، دێتە پێشەوە )

مۆسیکا

( بە گریانەوە ) یەك کۆپێکم بدەرێ ...

تاریکی

## دیمەنی پێنجەم

( ماڵی دکتۆر، دکتۆر لەگەڵ داریوشکادا لە دەرەوەن و خەریکن دێنە ژوورەوە )

***دەنگی داریوشکا***

( **لەدەرەوە** ) **ئەندریە یەفیمیتش، ماوەیەکە وەك جاران نیت! درەنگ دێیتەوە و لەکاتی خۆیدا ناخۆیت و ناخۆیتەوە و ناخەویت ...** ( **هاتوونەتە ژوورەوە** ) **ماوەیەکە لەبەر خۆتەوە قسە دەکەیت ... هەستدەکەم زۆر گۆڕاویت!**

***دکتۆر***

**نا ... دڵنیابە هیچ نەبووە!** ( **بێدەنگی** ) **تەنها ئەوەیە لەم وەرزەدا ئیشتییام نامێنێ، حەز لە پیاسەکردنی نێو باخچە زۆر دەکەم و بەدەم تەماشاکردنی گوڵەکانەوە خەو دەمباتەوە ...**

***داریوشکا***

**ئێستا لە مانگی چەنداین؟ مانگی مارتە؟**

***دکتۆر***

**بەڵێ ... کۆتایی مارتە ..**

***داریوشکا***

**هێشتا زەوییەکەی دەرەوە قووڕە و وشك نەبۆتەوە!**

***دکتۆر***

**نا .. تا ئەم ڕادەیە نا ... ڕێچکەیان لەباخچەکەدا دروست کردووە ...** **(دادەنیشێ، پاش کەمێك بێدەنگی سەیرێکی داریوشکا دەکا)** **ها ... داریوشکا چییە؟ هەواڵ چییە؟ لەوەدەچێ بتەوێ شتێکی گرنگ بڵێیت؟**

***داریوشکا***

**نا... نا ... هیچ نییە... تەنها**

***دکتۆر***

( **بە پێکەنینەوە هەڵدەسێ و دەست بەسەری داریوشکادا دەهێنێ** )

**داریوشکا چییە؟ لەکەیەوە شتم لێدەشاریتەوە؟ باپیرە ... بڵێ!**

***داریوشکا***

ئەندریە یەفیمیتش ... هەواڵێکی سەیر! هەواڵێکی سەیر لە خەستەخانە، لەناو فەرمانبەر و نەخۆشەکانی خەستەخانەدا بڵاوبۆتەوە ...

دکتۆر

هەواڵی سەیر!

داریوشکا

هەواڵەکە گەیشتۆتە شاریش. من ئەمڕۆ .... ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمان...

دکتۆر

بڵێ ... داریوشکا ... بڵێ!

( دەنگی میخاییل لە دەرەوە دەبیسترێ. پاش کەمێك بە شپرزەیی دێتە ژوورێ ) سڵاو هاوڕێی ئازیز سڵاو ...

میخاییل

سڵاو ئەندریە یەفیمیتش ... چییە؟ ماوەیەکە نابینرێیت، نە لە خەستەخانە و نە لە ماڵەوە ... ( بە پێکەنین و شەرمەوە )، هاوڕێی ئازیزم، خۆت دەزانیت کە شەرەف پێش هەموو شتێکە ( بێدەنگی ) دوێنێ شەو هەرچیم هەبوو بە قومار دۆڕاندم، شەرەف پێش هەموو شتێکە ... هاوڕێی ئازیزم ... بەڵکو شتێك پارەم بدەیتێ تا بتوانم ئەو شەرەفە وەربگرمەوە ...

دکتۆر

(هەڵدەسێ و بە پێکەنینەوە بەرەو لای تاقی کیتچیبەکان دەڕوا، چەکمەجەیەك ڕادەکێشێ و شتێ پارەی لێدەردەهێنێ) هانێ ئەمە هەزار ڕۆبڵ ... هیوادارم بەکەڵکت بێت!

میخایل

( بە شپرزەییەوە ) سوپاس ئەندرییە یەفیمیتشی ئازیز ... زۆر سوپاس..(دەیەوێ بچێتە دەرەوە)

دکتۆر

میخایل ئاوریانیچ .... چییه؟ هەر وازوو؟ ( بەپێکەنینەوە ) هەواڵ چییه؟ دەنگوباسی خەستەخانە ... شار ... هیچت نەبیستووە؟

**میخاییل**

( دەشڵەژێ ) ئا .. ئا ... بەڵێ ... دوو سێ ڕۆژە بەدواتا دەگەڕێم و دەمویست لەبارەی شتێکەوە لەگەڵتا بدوێم ... بەڵام وا ئەمڕۆ ئەو پارە نەفرەتییە هەموو شتێکی بیربردمەوە...

**دکتۆر**

پێش هاتنتان، داریوشکاش خەریك بوو لەبارەی هەمان مەسەلەوە دەدوا... چییه؟ لەوە دەچێ لە دەورووبەری خۆم بێ ئاگا بم!

**داریوشکا**

( نزیك دەبێتەوە و هەناسە هەڵدەکێشێ ) ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمان!

**میخاییل**

( بەرەو لای دکتۆر دەچێ ) دەڵێن ماوەیەکە دکتۆر خوی بە ژووری ژمارە شەشەوە گرتووە، هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە، هەندێ جار تا شەوێکی درەنگیش لەگەڵ شێتەکانا باسی شتی سەیر سەیر دەکا و وەك هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی لەگەڵیاندا دەکەوێتە قسەوباس. دەڵێن ئەندرییە یەفیمیتش لەو ڕۆژەوە تەنها نەخۆشێکی نەبینیوە و تاقە ڕشەچەتەیەکیشی نەنووسیوە... ( بێدەنگی ) تەنانەت گوێم لێبوو گووتیان خەریکە دکتۆر دەبێتە یەکێك لە نیشتەجێیانی ژووری ژمارە .... ( بێدەنگی )

**داریوشکا**

ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمان!

( بێدەنگی، دکتۆر دادەنیشێ و پێکێکی تر دەخواتەوە )

**میخاییل**

ئەندریە یەفیمیتشی ئازیز، بمبوورە ... خۆشەویستی زۆرم بۆتان وام لێدەکا ڕاستەوخۆ بدوێم... بمبوورە، لەوەدەچێ دکتۆر خابۆتۆف ئەم

شتانەی بەچاوی خۆی بینیبێ، چونکە بەدڵنیاییەوە باسی دەکرد، تەنانەت ئەم مەسەلەیەشی گەیاندۆتە ئەنجومەنی شار. نیکیتای پاسەوانیش چەند جارێك ئەوەی بینیوە و بەهەر کەسێك دەکا، مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. دوێنێ کاتێ بەرەو ..... ( دکتۆر بێدەنگە و پەیتا پەیتا دەخواتەوە )

***داریوشکا***

ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمان!

***میخاییل***

( لە دکتۆر نزیك دەبێتەوە ) دۆستی ئازیز، تکایە خواردنەوە کەم کەرەوە، خواردەوە زیان بەهێزی هۆش و بیرکردنەوەت دەگەیەنێ. قەشەیەکی سوپاکەی ئێمە بەهۆی خواردنەوەی زۆرەوە نەخۆش کەوت و خەریك بوو...... خەریك بوو ئەقڵی لەدەست دەدا، بەڵام پاش ئەوەی وازی لەخواردنەوە هێنا، وەك جارانی لێهاتەوە و چاکبۆوە. ( بێدەنگی ) ئەندریە یەفیمیتشی ئازیز، تکایە وەرەوە سەر خۆت...

***دکتۆر***

( بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە سەیرێکی میخاییل دەکات ) کەواتە تۆیش گومانت لە تەندروستی ئەقڵ و هێزی بیرکردنەوەم هەیە؟

***میخاییل***

( شڵەژاوە ) نازانم ... نازانم ... ( کەمێك بە تووڕەیی ) هەموو باسی ئەمە دەکەن، هەموو وا دەڵێن ... دکتۆر خابۆتۆف ڕایسپاردووم پێتان بڵێم کە لە خواردنەوە دوورکەویتەوە و گرنگی زۆر بە تەندروستی خۆت بدەیت و بحەوێیتەوە، ئەو دەیگووت دکتۆر یەفیمیتش پێویستی بە سەفەرێك یاخود مۆڵەتێکی درێژ هەیە ... ( بێدەنگی ) دۆستی ئازیز، ڕەنگە دەستووری پزیشکی ڕێگە بە دکتۆرەکان نەدا ڕاستیت پێبڵێن. بەڵام من لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لە سەربازییدا بووم دەتوانم ڕاشکاوانە بدوێم و ڕاستیت

پێبڵێم. ئازیزەکەم .. تۆ نەخۆشیت! لەبەرئەوە گرنگیی بەتەندروستی خۆت بدە و واز لەخواردنەوە بێنە... زیاتر بحەوێرەوە و هێندە ...

دکتۆر

( قسەکەی پێدەبڕێ و بە هەڵچوونەوە ) بەسە، بەسە ... ( لەبەرخۆیەوە ) ئەمە هەمان ئەو شتانەیە کە ئیڤان دیمیتری گریمۆف ئازار دەدا و هەموو شەوێك دەیمرێنێ و زیندووی دەکاتەوە، ئەو کەسەی کە زیاتر لە بیست ساڵ دەبێ لەم شارەدا کەسێکی تری وەك ئەوم نەناسیوە، ئەو تاقە کەسێکە کە لەماوەی بیست ساڵدا لەم شارەدا بەو قووڵییە ناسیومە و خۆشم ویستووە ...( زیاتر لەبەر خۆیەوە ) ئێستا ئەو، لە ژوورە تاریك و پیس و فەرامۆشکراوەکەیدا، لە ژووری ژمارە شەشدا، سەری لەنێوان هەردوو دەستی ناوە و جارجارە لە پەنجەرەکە دەڕوانێت، بێدەنگ بیردەکاتەوە و دەیەوێت هەستێ، لەوەدەچێ لەو دونیا گەورە و سەمەرەیەیدا، لەنوێژێکی ئەبەدییدا بێت، یاخود لە بێدەنگیی پێش مەرگێکی هەتاهەتاییدا.

تاریکی

## دیمەنی شەشەم

( ڕووناکی لە بازنەکە دەدرێت، ئیڤان دیمیتری بەو شێوەیەی کە دکتۆر لەکۆتایی دیمەنی پێنجەمدا باسی دەکرد، سەری ناوەتە نێوان هەردوو دەستی و لە پەنجەرەکە دەڕوانێت. دکتۆر لەپشت سەرییەوە ڕاوەستاوە، بێدەنگییەکی درێژ، مۆسیکا لەوێ نییە، ڤانیا و تریۆف بەتەواوی ڕەنگ و ڕووی ئادەمیزادیان پێوەنەماوە و وەك دوو پەیکەری ئێکسی کەوتوون )

ئیڤان

(چاوانی لە پەنجەرەکە بڕیوە) وازم لێبێنە، بۆچی دوام کەوتوویت... چیت لێم دەوێ؟ ( دەبزڕکێنێ ) من نەمکوشتوون ... من نەبووم .. بەڕێوەبەری

پۆلیس خۆیم بینی ... تەنانەت تۆیش ... نازانم ... ویستم ئازایانە خۆم پیشان بدەم ... بەڵام تەنها هەست دەکەم ... من نەبووم ... بەڵکو تەنها هەست دەکەم ...

( دکتۆر دەست بەسەری ئیڤاندا دێنێ و نەوازشی دەکات )

**دکتۆر**

هێمن بەرەوە ... ئازیزم هێمن بەرەوە.. (ئیڤان وەك منداڵێك هێمن دەبێتەوە، چاو لە چاوانی دکتۆر دەبڕێ)

**ئیڤان**

( بە زوبانێکی منداڵانە ) نا ... ئاخر ئێمە هەرگیز ناتوانین پێکبێین. تر ناتوانیت باوەڕم پێبهێنیت. تۆ هەرگیز بە ڕاستییەکان ئاشنا نیت ... (کەمێك تووڕە) تۆ هەرگیز ڕەنجت نەکێشاوە و وەك زەروو تەنها خوێنی خەڵکانت مژیوە. ( هێمن ) بەڵام من بەردەوام ڕەنجم کێشاوە، هەر لە لەدایك بوونمەوە تاکو ئێستا ... هەرچۆنێك بێ، من لەتۆ بەرزتر و مەزنترم... لەهەموو لایەنێکەوە ... تۆ ناتوانیت فێرم بکەیت!!

**دکتۆر**

( بەمیهرەبانی ) هەرگیز هەوڵم نەداوە بتخەمە سەر باوەڕی خۆم. هاوڕێکەم... مەسەلەکە ئەوە نییە ... مەسەلەکە ئەوە نییە کە تۆ ڕەنجت کێشاوە و من نەمکێشاوە. ڕەنج و شادیی شتگەلێکن تێدەپەڕن و پێزیست ناکا باسیان بکەین، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە من و تۆ بیردەکەینەوە، ئێمە لەخۆماندا هەستدەکەین کە توانای ئەوەمان هەیە بیربکەینەوە و گفتوگۆی مەسەلەکان بکەین، ئەمە وامان لێدەکا گەر لەبیروڕاشدا جیاوازبین، بەڵام هەر بەیەکەوە پەیوەست بین و پەیوەندییەکی ڕۆحیمان لەنێواندا هەبێت. ئیڤان دیمیتری گرۆمۆڤ ... هاوڕێی ئازیز، نازانیت من تا چ ڕادەیەك لەنەزانیی و بێ بەهرەیی و خۆپەرستیی خەڵکی بێزارم! نازانیت کاتێ لەگەڵ تۆدا دەدوێم، چەندە بەختەوەر و خۆشحاڵ دەبم! هاوڕێم، تۆ

خەڵكێكی دانا و هۆشمەندیت و .... ( لەوكاتەدا سێرگی سێرگەڤیچ دێتە ژوورێ و پارچە كاغەزێك دەداتە دكتۆر )

*سێرگی سێرگەڤیچ*

دكتۆر ... ئەم نامەیەتان لە ئەنجومەنی شارەوە بۆ هاتووە ... ( دكتۆر نامەكە وەردەگرێ و دەیخوێنێتەوە، سەر هەڵدەبڕێ و بە پێكەنینەوە تەماشای ئیڤان دەكات. )

تاریكی

## دیمەنی حەوتەم

( ڕووناكی لە بازنەكە دەدرێت. ئێستا بۆتە مێزێك و دكتۆر خابۆتۆف و سەرۆكی ئەنجوومەنی شار و یاریدەدەرەكەی و بەڕێوەبەری پۆلیس، بەدەوریدا دانیشتوون. دكتۆر ئەندرییە یەفیمیتش لەناوەڕاستدایە و لەسەر كورسییەكی بزوواو دانیشتووە، قسەكانی ئەو چوار كەسە شێوازێكی كاریكاتێرییانەی هەیە )

*سەرۆكی ئەنجومەن*

( بە زمانێكی گاڵتەجاڕییانە بەدكتۆر ) ئەم كۆبوونەوەیە بۆ تۆ گیراوە. سێرگی سێرگەڤیچی یاریدەدەرتان دەڵێ كە جێگای دەرمانخانەكە لەبینای خەستەخانەكەدا زۆر بچكۆلەیە و پێویستە یەكێك لەژووری نەخۆشەكان بكرێتە دەرمانخانە ... ئەم كارەیش ( باوێشك دەدا ) ئەم كارەیش هێندە سەخت و دژوار نییە و دەتوانرێ دەرمانخانەكە بگوێزرێتەوە، تەنها ئەوە نەبێ كە ئەو ژوورە پێویستی بەچاككردنەوە و نوێكردنەوە هەیە.

*دكتۆر*

( دوای کەمێك بێدەنگی ) بەڵێ ... پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە! گەر ئەو ژوورە بکرێتە دەرمانخانە وابزانم پێنج سەد رۆبڵێکی دەوێ، ئەم کرێیەش بەهەدەر دەڕوا و .... ( بێدەنگی، ورتەورتی لیژنەکە ) دە ساڵ لەمەوبەر رشاپۆرتێکم نارد و تیایدا نوسیبووم، ئەو پارەیەی کە بۆ خەستەخانەکە سەرفدەکرێ لەچاو رێژەی دانیشتوانی شاردا زۆر زۆرە، لە چلەکانا دروستکراوە ... بەلاّم پارەی ئەوسا لەچاو پارەی ئێستادا بەهای زیاتر بووە. پارەیەکی زۆر بۆ دامەزراوە ناپێویستەکان و کارە بێسوودەکان سەرف دەکرێ. وابزانم دەتوانرێ ئەو پارانە لە دوو خەستەخانەی نموونەییدا خەرج بکرێن!

(ورتەورتی لیژنەکە و دەنگی ناڕەزایی)

*یاریدەدەری سەرۆك*

( بەگاڵتەپێکردنەوە ) کەواتە دەی .... دەستوور و یاسای نوێمان بۆ داڕێژە!

*دکتۆر*

( بەهێمنی ) لەو راپۆرتەدا پێشنیاری ئەوەم کردبوو کە ئەنجومەنی ناوچە خۆی چاودێری لایەنی چارەسەرکردن بکا!

( ورتەورتی ناڕەزایی لیژنەکە )

*دکتۆر خابۆتۆف*

( قاقا پێدەکەنێ ) دەی ... با ئەنجومەنی ناوچە پارەی مۆڵ بدزێ و ئێمەیش .... ( لیژنەکە پێدەکەنن )

*سەرۆکی ئەنجومەن*

( بەپێکەنینەوە ) بێگومان هەر وادەبێ...

*دکتۆر*

( ڕووردەکاتە دکتۆر خابۆتۆف و بەخەمبارییەوە ) دکتۆر .. با کەمێك بە ئینساف بین!

***بەڕێوەبەری پۆلیس***

**دکتۆر ... بە تەواوی خەریکە ئێمەت بیردەچێتەوە! دەڵێی بوویتەتە قەشە! نە قوماریێ دەکەیت .... ( بەپێکەنینەوە ) نە ژنێك! توخوا هەست بەبێزاریی ناکەیت؟**

***سەرۆکی ئەنجومەن***

**بەڵێ ... بەڵێ ... ( بەگاڵتەجاڕیی ) زوربەی خەڵکی شار هوست بەو بێزارییە دەکەن...**

**( قسەکانیان وردە وردە دەبێتە قسەی گاڵتەجاڕییانە )**

***یاریدەدەری سەرۆك***

**نە شانۆ و نە مۆسیقا. لەهەر ئاهەنگێکی سەمادا بیست خانم سەما تەنها لەگەڵ دوو پیاودا دەکەن. پیاوەکان سەما ناکەن، بەڵکو بەدرێژایی ئاهەنگەکە خەریکی قومارن...**

**( هەموو پێدەکەنن، ژاوەژاو، دکتۆر مات بووە )**

***دکتۆر***

**جێگەی داخێکی قووڵە کە خەڵکی ئەقڵ و ووزەی زیندووی خۆیان لە قومارکردن یاخود لە وتی وتی و پڕوپاگەندە کردنا بەزایە دەدەن. دەکرا ئەو ووزەیە لە گفتوگۆی بەسوود و خوێندنەوە و کاری داهێنەرانەدا سەرف بکرایە. بەداخەوە کە ناتوانرێ چێژ لە لەزەتەکانی ئەقڵ وەربگیرێت. تەنها ئەقڵ جوانە ....**

**( هەموو پێدەکەنن، دکتۆر شەرم دایدەگرێ )**

***دکتۆر خابۆتۆف***

**( لەپڕ ) ئەندریە یەفیمیتش ... ئەمڕۆ چەندی مانگە؟**

***دکتۆر***

**( بە شەرمەوە ) ئەمڕۆ شەشی مانگە!**

***سەرۆکی ئەنجومەن***

( لەپڕ ) دکتۆر ... ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

*دکتۆر*

( بە شەرمەوە ) ئەمڕۆ سێ شەممەیە!

*یاریدەدەری سەرۆك*

( لەپڕ ) دکتۆر ... ساڵێك چەند ڕۆژە؟

*دکتۆر*

...... ( پرسیارەکان دەبنە ورتەورت و شێوازێکی سەیر بەخۆوە دەگرێ. دکتۆر لەسەر کورسییە بزوواوەکەی بە چواردەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە )

*سەرۆکی ئەنجومەن*

( بەگاڵتەجاڕییەوە ) ڕاستە دەڵێن پێغەمبەرێك لە ژووری ژمارە شەشدا هەیە؟

*دکتۆر*

( ڕادەچڵەکێ ) بەڵێ! نەخۆشێکە ... بەڵام گەنجێکی باشە ...

( ورتەورتی لیژنەکە )

*سەرۆکی ئەنجومەن*

دەڵێم وا بزانم ئێمەی پیرەمێردان ئیتر کاتی ئەوەمان هاتووە کە خانەنشین بکرێین و بۆ خۆمان کەمێك بحەوێینەوە ...

( دکتۆر بەتوندی ڕادەچڵەکێ و دەیەوێ قسە بکا، بەڵام هیچی بۆ ناگوترێ )

*دکتۆر خابۆتۆف*

ئەندریە یەفیمیتش! نیگەران مەبە ... ئێمە خەمی ژیان و تەندروستی تۆمانە و لە بەرژەوەندی خۆت قسە دەکەین. خۆت لەئێمە باشتر دەزانیت کە پێچویستت بە حەوانەوە هەیە. بەباشی دیارە کە کاتی ئەوەتان هاتووە. هەوڵ بدە بحەوێرەوە، لە مەی خواردنەوە دوور بکەوەرەوە، وازهێنان لە مەی خواردنەوە یارمەتیت دەدا کە هێزی ئەقڵیت بەدەست بێنیتەوە ....

دکتۆر

( وەك منداڵێك سەر بادەدا .. ڕووناکییەکی چڕی دەچێتە سەر ) خودایە! ساڵێك نابێت تاقیکردنەوەی لە نەخۆشییە دەروونییەکانا داوە، کەچی هیچی لێنازانێ، هیچ شتێك ... هیچ شتێك لەبارەی زانستە دەروونییەکانەوە نازانێ ... ( هەڵدەچێ ) منم هەست دەکەم تا ئەوپەڕی تەندروستییم باشە، نامەوێ دانیشم ... ناتوانم .. لێگەڕێن با ... (دەهەژێت) لێگەڕێن با بەشێوەیەکی تر ئەمەتان بۆ بسەلمێنم ... لێگەڕێن...( دەگری ) من نەخۆش نیم ... تەندروستییم زۆر باشە ... ناتوانم دانیشم....

تاریکی

## دیمەنی هەشتەم

( ماڵی دکتۆر، دکتۆر خەریکی پیاسەکردنە. بوتڵێك ڤۆدگا لەسەر مێزەکەیەتی. سەیرێکی کتێبەکانی دەکا، دێتە ئەملاوە، دەوەستێ، بیردەکاتەوە ...)

دکتۆر

( کەمێك سەرخۆشە ) پاش بیست ساڵ ... خانەنشین کردنێکی بێ مووچە! بە بڕیاری کێ؟ بە بڕیاری خەڵکانێکی گێل و نەخۆش. ڕاستە لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا وەك پێویست بە ئەمانەتەوە کارم نەکردووە، بەڵام خۆ هەموو فەرمانبەرێك، ئەمین بووبێ یان نا، کاتێ خانەنشین دەکرێ، مووچەیەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ( بێدەنگی ) ماوەیەکە بە تەواوی لات و بێ پارەم، شەرم دەکەم بەبەردەم دوکانەکەدا بڕۆم یان خۆم پیشانی خاوەن ماڵەکە بدەم، پەنجا و دوو ڕۆبڵ قەرزداری ڤۆدگام، دوو سەد ڕۆبڵ قەرزاری کرێ خانووم.... داریوشکا وردە وردە کتێبەکان دەفرۆشێت، خاوەن

ماڵەکەی بەوە هێمن کردۆتەوە کە گوایە دکتۆر ماوەیەکی تر پارەیەکی باشی دێتە دەست ... ( بێدەنگی ) گەر ئەو هەزار ڕۆبڵەم نەدایەتە میخایل ئاوریانیچ، ئەوا ئێستا کەلێنێکی باشی بۆ پڕدەکردمەوە و ماوەیەکی زۆر پێی دەگوزەرام ... ( بێدەنگی ) دەی... خەفەت مەخۆ! تۆ و میخایل ئاوریانیچ و دکتۆر خابۆتۆف، درەنگ یان زوو هەمووتان ڕوو بەنەمانن ... بەبێ ئەوەی تەنها جێ پەنجەیەك لەسەر سروشت جێبێڵن! ( دەخواتەوە ) گەر پاش ملیۆنێك ساڵی تر، ڕۆحێك لە ئاسمانەوە بێ و بەدەوری گۆی زەویدا بفڕێ و بخولێتەوە، جگە لە خاکیچکی سارد و گرۆدۆڵکەی بێدەنگ و تاشەبەردی دەم بەخەندەی گومان شتێکی تر نابینێ. کەواتە چ پێویست بە خەم دەکا؟ بۆچی شەرم لە دوکاندارەکە بکەم؟ ئایا ئەم خابۆتۆفە بێ نرخە و ئەم هاوڕێیەتییەی میخایل ئاوریانیچ چ مانایەکیان هەیە! هەموو ئەوانە بێ هوودە و بێ بەهان!

( میخایل ئاوریانیچ بە دەنگەدەنگ و گریانەوە دێتە ژوورێ )

*میخایل ئاوریانیچ*

( بە هاوار هاوارەوە ) ئەندریە یەفیمیتش چیم لێدەکەیت؟ ئەمجارەیان هەر بەتەواوی شەرەفم لەدەست چوو. خۆت دەزانیت شەرەف پێش هەموو شتێکە! هەموو شتێکم دۆڕاند. ئەندریە یەفیمیتش ... فریامکەوە، فریامکەوە تا ئەو شەرەفە لەدەست چوومەم وەربگرمەوە!

*دکتۆر*

( بە میهرەبانی ) میخایل ئاوریانیچ ... تۆ باش من دەناسیت و دەزانیت کە هەرگیز درۆتان لەگەڵ ناکەم ....

*میخاییل ئاوریانیچ*

بێگومان ...بێگومان ...

*دکتۆر*

حاڵی حازر تەنها کۆپیکێك شك نابەم ...

**میخاییل ئاوریانیچ**

مەبەستم ئەوە نییە ... دەڵێم خاوەنی چەندیت؟

**دکتۆر**

( بێدەنگی ) هیچ هاوڕێی ئازیز. بەلاتەوە سەیر نەبێت ... خاوەنی هیچ نیم!

( بێدەنگی )

**میخاییل ئاوریانیچ**

(دەچێتە پێشەوە و بەدڵێکی پڕەوە) ئەندریە یەفیمیتشی ئازیز .. گووتم هیچ نەبێ خاوەن بیست هەزار ڕۆبڵێك دەبیت. بەڵام وا ... (باوەشی پیادەکا و دەگری) بەڵام وا شەرەفم لەدەست چوو ... خۆت دەزانیت شەرەف پێش هەموو شتێکە .. نەمدەزانی خاوەنی هیچ نیت!

( دکتۆر خابۆتۆف دێتە ژووری )

**دکتۆر خابۆتۆف**

( بەپێکەنینەوە ) سڵاو ئازیزم .. ڕەنگ و ڕووت لەدوێنێ باشترە، هەروەك ئەوەی گەنج بووبیتەوە ... ئای خوایە ... چەند گەنج بوویتەتەوە! ها ئەم دەرمانەشم بۆ هێناویت ...

( دەرمانەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت )

**میخاییل**

بەڵێ خەریکە چاك دەبێتەوە ... زۆر لەجاران باشترە ...

**دکتۆر خابۆتۆف**

ئیتر کاتی ئەوەیە چاك بێتەوە ... بێگومان لەم خانەنشینییە بێزار بووە!

**میخاییل**

چاك دەبێتەوە و سەد ساڵی تر دەژی ...

**دکتۆر خابۆتۆف**

( به پێكەنینەوە ) نا ... سەد ساڵ نا، پێویست ناكا، بیست ساڵی تر بژین بەسە ... گرنگ نییە ئازیزم! نائومێد مەبە ... ئیتر گۆشەگیری بەسە!

***میخاییل***

( قاقا پێدەكەنێ و تەواوێك پێچەوانەی لەوەوبەرە ) ڕاوەستە بزانە چۆن گوڕی خۆمان پیشان دەدەین. ساڵێكی تر خوا یار بێ سەفەرێكی قەوقازی بۆ دەكەین و لەوێ هەموو ڕۆژێك سواری ئەسپ دەبین ... هۆپ هۆپ هۆپ.. دەزانیت كە لە قەوقاز گەڕاینەوە چی دەكەین؟ ( بێدەنگی، پێدەكەنێ ) بەرەو مانگی هەنگوینی دەڕۆین ... ( چاوێك لە دكتۆر خابۆتۆف دادەگرێ، بەدكتۆر ) هاوڕێی ئازیزم ... ژنت بۆ دێنم ... كە لە قەوقاز گەرشاینەوە ژنت بۆ دێنم ...

***دكتۆر***

( خۆی دەخواتەوە ) كەمێ لەسەرخۆ، لەسەرخۆ ... ( تووڕە ) وازم لێبێنن.. بڕۆن ... هەردووكتان بڕۆن! چەندە گێل و نەزانن، نە پێویستم بە هاوڕێیەتی ئێوەیە و نە دەرمانەكانیشتانم دەوێ .. هەڵسوكەوتتان چەندە هیچ و بێمانایە! ( هەردووكیان سەریان دەسوڕمێ، بێدەنگی، دكتۆر هێور دەبێتەوە ) بمبوورن ... بمبوورن ... لێم زویر مەبن!

***میخاییل***

( پاش كەمێك ) ئەندریە یەفیمیتشی ئازیز ... من هەرگیز لێتان نەڕەنجاوم. باش دەزانم كە نەخۆشی گاڵتە نییە. ( بێدەنگی ) هاوڕێی ئازیز، بۆچی نەخۆشییەكەتان بەشێوەیەكی جیددی چارەسەر ناكەیت؟ (چاوێك بە ژوورەكەدا دەگێڕێت) ژوورەكەتان بچكۆلە و تەنگە و هیچ كەسێك سەرپەرشتیتان ناكا. بەمجۆرە چاكبوونەوەتان زەحمەتە. دۆستی ئازیز، من و دكتۆر خابۆتۆف لە قووڵایی دڵەوە تكاتان لێدەكەین كە گوێ لە ئامۆژگارییەكانمان بگریت و لە خەستەخانە بكەویت ... (بێدەنگی) خواردنی ئەوێ پاكوتەمیزترە (دكتۆر خابۆتۆف سەری ڕەزامەندی با دەدا)

لەوێ بە باشی سەرپەرشتی دەکرێیت. هەرچەند کە سێرگی سێرگەڤیچ کابرایەکی توورە و بێ ئەدەبە، بەڵام بەینی خۆمان بێ، پزیشکێکی شارەزایە و بەڵێنی پێداوین کە تا ئەوپەڕی گرنگی بە چارەسەرکردنت بدات.

دکتۆر

( بە بێ تاوانیی ) من دڵنیام لەوەی نەخۆش نیم. تاقە نەخۆشی من ئەوەیە کە ماوەی بیست ساڵە تاقە کەسێکی تێگەیشتووم ناسیوە و ئەو کەسەش شێتە ... ( دڵی پڕ بووە لە گریان ) من هیچ نەخۆشییەکم نییە تەنها ئەوە نەبێ کە لە جێگایەکی نەفرەتیدا گیرم خواردووە و چیدی ڕێگای دەربازبوونم نییە ...

میخاییل

ئازیزم ... کەواتە بڕۆ بۆ خەستەخانە و لەوێ بحەوێرەوە..

دکتۆر

لای من جیاوازی نییە ... هەر گۆڕێك بفەرموون، دەچمە ناوی ..

دکتۆر خابۆتۆف

دۆستی ئازیز، بەڵێنمان بدەرێ کە سێرگی سێرگەڤیچ هەرچییەکی گوت بەقسەی بکەیت!

دکتۆر

بەڵێن دەدەم. بەڵام دووبارە دەڵێم کە من نەخۆش نیم، بەڵکو کەوتوومەتە جێگایەکی نەفرەتییەوە، کەوتوومەتە ناو بازنەیەکی بۆشەوە، تەنانەت ئامانجی هاوکاری کردنی ئێوەیش بۆ نەمان و لەناوچوونمە. من بەرەو نەمان و لەناوچوون دەڕۆم ... ئازایەتیی ئەوەم هەیە درك بەمە بکەم ...

دکتۆر خابۆتۆف

( دڵی دەداتەوە ) چاك دەبیتەوە. ئازیزم دڵنیابە نەخۆشییەکەتان چارەسەر دەکرێت ..

**دكتۆر**

( به خەمەوە ) چ پێویست بەم قسانە دەکا؟ ئەوەی من ئێستا هەستی پێدەکەم، کەم کەس هەیە لە کۆتایی ژیانیدا هەستی پێبکات! (لەبەرخۆیەوە) کاتێ پێت دەگوترێ نەخۆشی دڵ یاخود گورچیلەت هەیە ئەوا دەبێ یەکسەر بیر لە چارەسەرکردنی بکەیتەوە، بەڵام کاتێ پێتدەگوترێ تۆ تاوانبار یان شێتیت، واتە بەکورتی کاتێ خەڵکی سەرنجیان دەخەنە سەرت، ئەوا دەبێ تێبگەیت کە ئیتر تۆ کەوتوویتەتە ناو بازنەیەکی بۆشەوە و ڕزگاربوونت مەحاڵە. هەرچەند هەوڵ بدەیت بێیتە دەرەوە، ئەوا زیاتر لە پێچاوپێچی ئەو بازنەیەدا وون دەبیت. کەواتە وا بلشترە یەکسەر خۆت بدەیت بەدەستەوە، چونکە ئیتر هیچ هێزێکی بەشەرییەت توانای ڕزگارکردنتی نییە. ئیدی وەزعی منیش بەو جۆرەیە ...

( زۆر هێمن ) چونکە ئیتر هیچ هێزێك توانای ڕزگارکردنتی نییە!

**تاریکی**

## دیمەنی نۆیەم

( ماڵی دکتۆر، دکتۆر ئەندریە و دکتۆر خابۆتۆف بەدەم قسەکردنەوە دێنە ژوورەوە )

**دکتۆر خابۆتۆف**

دۆستی ئازیز، داوایەکم لێتان هەیە، هاتووم مشوورەتێکی پزیشکییت پێبکەم و ڕاتان وەربگرم ...

**دکتۆر**

( وەك ئەوەی باوەڕ نەکا ) چۆن؟

***دكتۆر خابۆتۆف***

**نەخۆشێکم هەیە و حەزدەکەم بیبینیت!**

***دكتۆر***

**(ڕادەچڵەکێ و بەخۆشییەوە) بەچاوان ... هەر ئێستا ... (بەدەم لەبەرکردنی چاکەتەکەیەوە) بەخۆشحاڵییەوە دێم ... هەر ئێستا ... (دەوەستێ) باشە ... نەخۆشەکە لەکوێیە؟**

***دكتۆر خابۆتۆف***

**( بە زەردەخەنەوە ) لە خەستەخانەیە ... بێگومان نەخۆش هەر لە خەستەخانەیە ...**

**تاریکی**

## دیمەنی دەیەم

**( ڕووناکی لە بازنەکە دەدرێت، ئیڤان دیمیتری نوستووە و دکتۆر ئەندریە یەفیمیتش لایەوە دانیشتووە، نیکیتا دێتە ژوورێ و دەستێك جلکی خەستەخانەی پێیە )**

***نیکیتا***

**( بەدکتۆر ) فەرموو خاوەن شکۆ ... ( بەگاڵتەجاڕییەوە ) ئەم جلە لەبەرکە! ئەمەیش جێگەکەتە. ئینشاڵا زوو چاکدەبیتەوە. ( بێدەنگی، دکتۆر هەڵدەسێ و جلەکانی دادەکەنێ و نیکیتا لێی وەردەگرێ، پاشان جلکی خەستەخانە دەپۆشێ )**

***نیکیتا***

**(بەپێکەنینەوە) لێتدێ ... پیرۆزە. ئینشاڵا زوو چاکدەبیتەوە ... (جلەکانی دکتۆر دەبا و دەچێتە دەرەوە)**

***دكتۆر***

( دەچێتە ئەولاوە و دادەنیشێت، بیردەکاتەوە ) جیاوازی نییە! جیاوازی نییە! وەك یەکە، جلی ئاسایی و ئەم جلانە وەك یەکن، جیاوازی نییە ... (کوتوپڕ) بەڵام کوا کاتژمێرەکەم؟ کوا دەفتەری یاداشتەکانم؟ پاکەتە جگەرەکەم کوا؟ نیکیتا جلەکانی بۆ کوێ برد؟ ( بێدەنگی ) دەشێ تا مردن لە پۆشینی پانتۆڵ و هێلەك و پێڵاو بێ بەشکرابم. زۆر سەیرە ... زۆر زۆر... ( بێدەنگی، سەیرێکی ژوورەکە دەکا ) هیچ جۆرە جیاوازییەك لەنێوان ئەم ژووری ژمارە شەشە و ژوورەکەی خۆمدا نییە... هەموو شتێك پووچ و بێ مانایە ( دەستی بەیەکدا دێنێ تا گەرمی بێتەوە، دەست بە پێوپلە ڕووتەکەیدا دێنێ، سەیرێکی ئیڤان دەکات ) گەر ئیڤان بەئاگابێتەوە و بەم جلانەوە بمبینێ، بڵێی مەزەندەی چی بکا؟ (هەڵدەسێ و بەژوورەکەدا پیاسە دەکا) ئایا دەتوانرێت ڕۆژێك، هەفتەیەك، ساڵێك لێرەدا بەسەر ببرێت؟ دەتوانرێ بەرەو لای پەنجەرەکە بچیت و لەوێوە تەماشای دەرەوە بکەیت، دەتوانرێت لەگۆشەیەکەوە پیاسە بۆ گۆشەیەکی تر بکەیت، بەڵام ئەی دوای ئەوە؟ ( بێدەنگی ) ئایا دەکرێت وەك بەرد بێ جووڵە لە جێگایەکدا دانیشیت و بیرنەکەیتەوە؟ ئەم کارە مەحاڵە ... (پاڵدەکەوێ و لەپڕ هەڵدەسێ، دەکەوێتەوە پیاسەکردن) بێگومان هەڵەیەك لەم مەسەلەیەدا هەیە ... پێویستە بۆیان ڕوون بکەمەوە... ( بەدەنگی بەرز ) بۆیان ڕوون دەکەمەوە کە هەڵەیەك لەم مەسەلەیەدا هەیە... ( ئیڤان بەئاگادێتەوە، تەماشای دکتۆر دەکا )

**ئیڤان**

( بەگاڵتەپێکردن و خەواڵووییەوە ) ئەها ئازیزم ... پێوە بوویت؟ ئێوەشیان لێرەدا زیندانیی کرد؟ زۆرم پێخۆشە! مایەی خۆشحاڵییمە ... ( پێدەکەنێ ) زەمانێ بوو خوێنی خەڵکییت دەمژی، وا ئێستا ئیدی خوێنت دەمژرێت ... زۆر چاکە ... زۆرم پێخۆشە و زۆر خۆشحاڵم!

**دکتۆر**

( بەترسەوە ) نا ... تەنها هەڵەیەك ڕوویداوە، تەنها هەڵەیەکە و ... (بەترسێکی زیاترەوە ) بەڵێ هەڵەیەکە ... دواجار ڕوون دەبێتەوە ...

ئیڤان

( تف لە زەوییەك دەکا ) تف لەم ژیانە! ناخۆشترین و تاڵترین شت ئەوەیە کە ئەم ژیانە وەك ئۆپرا بە شکۆ و مەزنیی کۆتایی نایەت. بەڵکو کۆتاییەکەی بە مردن دێت! جگە لە مردنی شووم، پاداشتێکی تر نادرێتە ئەو کەسەی کە ژیانی خۆی بە عەزاب و ڕەنجەوە گەیاندۆتە کۆتایی. پاشان فەڕاشەکانی خەستەخانە دێن و مردووەکە ڕادەکێشن لەژێر خاکی دەنێن ... ( بێدەنگی ) باشە ... گرنگ نییە، ئێمە لە جیهانەکەی تردا، جەژنی خۆمان دەگێڕین ( پێدەکەنێ ) من لەو دونیاوە وەك تارماییەك بۆ ئێرە دێم و خەڵکانی دەبەنگ دەترسێنم ... ( پێدەکەنێ و پێکەنینەکەی تێکەڵاوی گۆرانییەکەی مۆسیکا دەبێ، مۆسیکا دێتە ژووری و چاوی بە دکتۆر بە جلی خەستەخانەوە دەکەوێ، بێدەنگ دەبێ، وردە وردە دێتە پێشەوە، لە دکتۆر وورد دەبێتەوە )

مۆسیکا

( دەست دەگرێتەوە ) کۆپیکێکم بدەرێ!

( ئیڤان قاقا پێدەکەنێ )

## دیمەنی یازدەیەم

( ژووری ژمارە شەش، دکتۆر ئەندریە لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکا، ڤانیا و تریۆف هەر کەوتوون، ئیڤان دانیشتووە و سەیری دکتۆر دەکا، دکتۆر لەپڕا ئاوڕدەداتەوە و بەرەو لای ئیڤان دەچێ )

دکتۆر

ئیڤان ئازیزەکەم .. من هەرەسم هێنا ... هەرەسم هێنا ...

ئیڤان

( بەگاڵتەپێکردنەوە ) بەڵام خۆ تۆ فەلسەفەت لێدەدا!

دکتۆر

( بێ هێز ) بەڵێ ... بەڵێ ... ئێوە ڕۆژێك گوتتان کە لە ڕوسیادا فەلسەفە نییە، بەڵام هەموو کەس، تەنانەت خەڵکە سادە و ساکارەکەیش فەلسەفە لێدەدەن. ئایا فەلسەفەلێدانی ئەو خەڵکە ساکارە، زیان بە هیچ کەسێك دەگەیەنێ؟ ( ئیڤان بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ ) ئازیزم، ئەرێ هۆی ئەم پێکەنینە گاڵتەجاڕییەت چییە؟ بەڕاستی پێمبڵێ! کاتێ ئەو خەڵکە نەزان و سادەیە ناڕازیین، بۆچی دەبێ فەلسەفە لێبدەن، پیاوی دانا و تێگەیشتوو لەم وڵاتەدا چارەیەکی تری نییە جگە لەوەی بۆ شارۆچکەیەکی دواکەوتوو بڕواو لەوێ ببێتە پزیشك، سەرتاپای تەمەنی لەبەر مێزی قومار و لە مەیخانەکانا بەسەر بەرێت ... ئای خوایە ... ئەم چ ژیانێکە!

ئیڤان

( بەهەمان ڕۆحی گاڵتەجاڕییەوە ) تۆ گێلانە چەنەبازی دەکەیت، گەر ڕقت لە پزیشکیی بوو، بۆچی ئیشێکی ترت هەڵنەبژارد؟ خۆ لەوانە بوو ببیتە وەزیر ....

دکتۆر

نا ... گەر ئیشێکی ترشم هەبووایە هەر هەمان جۆر بوو. ئازیزم ... ئێمە خەڵکانی کەنەفت و پەککەوتەین. من بۆ خۆم کەسێکی سارد و بێ پەروا بووم، بەئازایەتییەوە باسی مەنتیقم دەکرد، بەڵام هەرکە ژیان ڕوخساری ناشیرین و تووڕەی خۆی پیشاندام، هەرەسم هێنا و هێز و توانای خۆم لەدەستدا. بەڵێ ... ئێمە بوونەوەری هیچ و بێ توانایین. دۆستی ئازیز ... تۆیش بەهەمان شێوە ... تۆ خەڵکێکی میهرەبان و دانایت، خێرخوایی و داناییت بە شیری دایکتەوە خواردووە، بەڵام هەرکە پێت ناوەتە گۆڕەپانی

ژیانەوە، یەکسەر هەستت بە هیلاکیی کردووە و نەخۆش کەوتوویت ... (هەڵدەسێ و بەبەو لای پەنجەرەکە دەڕوا... بە پەلە دەگەڕێتەوە) دەچمە دەرەوە و پێیان دەڵێم چراکان داگیرسێنن .. من تینوتاوی ئەم ژیانەم نییە... ( دەچێتە دەرەوە، پاش کەمێك دەنگی نیکیتا و دکتۆر دێت )

***دەنگی دکتۆر***

من دەمەوێت هەوایەك بگۆڕم ... دەمەوێ ...

***دەنگی نیکیتا***

بۆ کوێ دەڕۆیت؟ نابێ! نابێ ... ئیتر کاتی خەوە ... ( دێنە ژوورەوە )

***دکتۆر***

( دەپاڕێتەوە ) دەمەوێ تەنها دەقیقەیەك لە باخچەکەدا پیاسە بکەم ...

***نیکیتا***

( بەتوڕەیی ) نابێ! نابێ ... تۆ خۆت دەزانیت مۆڵەتی ئەم جۆرە کارانە نەدراوە!

( نیکیتا دەچێتە دەرەوە )

***دکتۆر***

( هاواردەکا ) گەر من لێرە بڕۆمە دەرەوە زیان بەکەسێ دەگا؟ تێناگەم....(بەرزتر ) نیکیتا ... من دەمەوێ بڕۆمە دەرەوە .. پێویستم بەوەیە ...

( تریۆف و ڤانیا بەئاگا دێنەوە )

***دەنگی نیکیتا***

( لەدەرەوە ) ئاژاوە مەنێرەوە ... ئەم کارە ئاکامەکەی باش نییە ... ها!

***ئیڤان***

( لەپڕا هەڵدەسێ و هاواردەکا ) ئەمە چ گاڵتەجارییەکە! بە چ حەقێك ناهێڵیت بچینە دەرەوە، بە چ دەستوور و یاسایەك ئێمەتان لێرەدا زیندانیی کردووە؟ ئەمە زۆردارییە ...

**دکتۆر**

( به هاواری بەرزتر ) هەڵبەت زۆرداریيه ... من دەمەوێ بڕۆمه دەرەوە و پیاسەیەك بکەم، تۆ ناتوانیت ڕێگەی ئەوەم لێبگریت! ( دەنەڕێنێت ) لەگەڵ تۆمه .. دەرگاکه بکەرەوە!

**ئیڤان**

( به مشت له دەرگاکه دەدا ) گامێش لەگەڵ تۆمه! بیکەرەوە ... ئەگینا دەرگاکه دەشکێنین ...

**دکتۆر**

( هەموو گیانی دەلەرزێ و هاواردەکا ) بیکەرەوە! من فەرمانت پێدەدەم دەرگاکه بکەیتەوە!

**دەنگی نیکیتا**

جارێکی تر دووبارەی بکەرەوە تا ....

**دکتۆر**

( قسەکەی پێدەبڕێ ) هیچ نەبێ بڕۆ سێرگی سێرگەڤیچ بانگ بکه ... بڵێ من داوام کردووه تەشریف بێنێته ئێره ... تەنها بۆ دەقیقەیەك تەشریف بێنێته ئێره ...

**دەنگی نیکیتا**

سبەینێ خۆی تەشریف دێنێ!

**ئیڤان**

( دەنەڕێنێ ) هەرگیز ناهێڵن لێره بچینه دەرەوە ... ئاخرییەکەی لێرەدا دادەڕزێین. خودایه تۆ بۆ ئەم خەڵکه دڵڕەقه سزا نادەیت؟ کەواته ئەی عەدالەتی تۆ کوا؟ ( توندتر ) هەی گامێش، دەرگاکه بکەرەوە وا خنکاین! (نیکیتا لەپڕا دەرگاکه دەکاتەوە و خۆی بەسەر دکتۆردا دەدا، بەردەبێته لێدانی، لەگەڵ لێدانی دکتۆردا، ئیڤان دەناڵێنێ، تریۆف و ڤانیا هەریەکەیان له سووچێکدا گرمۆڵه بوون و هۆن هۆن دەگرین )

## دیمەنی دوازدەیەم

( هەمان ژووری ژمارە شەشە. دکتۆر کەوتووە، دەناڵێنێ، مۆسیکا و ڤانیا و تریۆف دەوریانداوە، ئیڤان لەملاترەوەیە و چاوی لە دکتۆر بڕیوە ... داریوشکا لەلایەوە دانیشتووە و وردە وردە دەگری. میخایل ئاوریانیچ بەپێوە ڕاوەستاوە و ئەویش هەر دەگری)

*دکتۆر*

( وڕێنەئامێز و لەرز لێهاتوو ) ئەو خەڵکانەی کە ئێستا لەبەر ڕۆشنایی مانگدا وەك تارمایی ڕەش دەنوێنن، دەبێ ڕۆژان و مانگان و ساڵان بەمجۆرە ئازار و ئەشکەنجەیان کێشابێ! ( بێدەنگی ) چۆن لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا پەیم بەمە نەبردووە؟ یان خۆم نەمویستووە تێی بگەم؟ چۆن ئەوەم نەزانیوە؟ چۆن لەمانای ڕەنج و عەزاب تێنەگەیشتووم؟ کەواتە گوناهم نییە ... کەواتە ....

*داریوشکا*

( بەگریانەوە ) ئەی دایکی پیرۆزی ئاسمان !

( بێدەنگی، تریۆف و ڤانیا و مۆسیکا و میخاییل وردە وردە دەگرین، ئیڤان نزیکتر دەبێتەوە، دکتۆر پەلەقاژێیەکی بێهوودە دەکا و خۆی ڕادەپسکێنێ و دەیەوێ هەستێ، بەڵام ناتوانێ، دەیەوێ هاوار بکا بەڵام دەنگی دەرنایە )

*داریوشکا*

( بەگریانەوە ) ئەندرییە یەفیمیتشی ئازیز ... سێ ڕۆژە نە نانتان خواردووە و نە گەرووتان بە قومێك ئاو تەڕ بووە ... تکایە ... تکایە ... تکایە ئاخر شتێك بخۆن!

( دكتۆر دەناڵێنێ )

دكتۆر

دار .. یو .. شكا ... ی ... ئاز .. یز ... ئێستا هەموو شتێك ... (دەكۆكێت) لەوە دەچێت شتێكی بە نەفرەت ...... بوو ڕۆ .... چووبێتە تەواوی جەستە ......مەوە. داریوشكا! داریوشكای ئازیز ( بە شادومانییەوە ) تەماشای ئەو ڕەوە ئاسكە بكە چەند جوانن! ( بێدەنگی ) داریوشكا ... ئێستا ... هەموو ... شتێك ( گیان دەدا ) ئێستا هەموو شتێك لەلای من وەك یەكە! هەموو شتێك لەلای من .... وەك ... یەكە!

( دەمرێت، داریوشكا دەداتە پڕمەی گریان، میخاییل ئاوریانیچ ڕوو وەردەگێڕێ و ڕووە و لای پەنجەرەكە دەچێ، ئیڤان دێتە پێشەوە، وردە وردە دەگری، ڤانیا و تریۆف و مۆسیكاش دەگرین. بەدەوری تەرمەكەی دكتۆردا بازنەیەك دروست دەكەن، مۆسیقایەكی ماتەمینی )

تاریكی